**پژوهشنامه ادبیات کردی** دوره پنجم، شماره ۶، پاییز و زمستان ۱۳۹۷

# دارِشتەناسیی بەیتی *مەم و زین* و بەراوردکردنی هێمانە گرنگەکانی لەگەڵ چیرۆکی ئەفسووناویی کوردیدا

**مەزهەر ئیبراهیمی** [I]

ماستێری زمان و وێژەی کوردی، زانستگەی ئارتوکلوی مێردین

**خەیروڵڵا ئاجار** [II]

پرۆفێسۆری یاریدەدەری زمان و وێژەی کوردی، زانستگەی ئارتوکلوی مێردین

تاریخ دریافت: ۱۷ مهر ۱۳۹۷؛ تاریخ پذیرش: ۱ بهمن ۱۳۹۷؛ صص ۱۸۷–۲۱۵

## چکیده

هدف از پژوهش حاضر، مشخص نمودن ساختار بیت *مم و زین* و سپس مقایسه‌ی عناصر آن با قصه‌های جادویی کردی است. نتیجه‌ی پژوهش نشان می‌دهد چهارچوب نظری ولادیمیر پراپ تا حد زیادی با بیت مذکور مطابقت می‌کند، اما سه عنصر متفاوت «رثا»، «دعا» و «پیمان» نیز دیده می‌شود که با توجه به اهمیت‌شان در پیشبرد روایت می‌توان آنها را «خویشکاری» به شمار آورد. از مجموع سی و یک خویشکاری مورد نظر پراپ، بیست و سه مورد در این روایت دیده می‌شود. *مم و زین* از دو حرکت تشکیل شده است و شخصیت‌های اصلی حرکت اول عبارتند از: مم، پهلوان؛ زین، شاهزاده خانم؛ بکر و میرزین‌الدین، شریر؛ و بنگینه، قره‌تاژدین و خاتون استی یاریگر. در حرکت دوم، بنگینه پهلوان است و در پایان به پادشاهی می‌رسد. مقایسه‌ی بیت *مم و زین* و قصه‌های جادویی کردی نشان می‌دهد که با وجود تفاوت نوع، از نظر ساختار و عناصر زیرساختی اشتراکات زیادی میان آنها وجود دارد. اما تفاوت‌هایی نیز دیده می‌شود که مهمترین‌شان شکست پهلوان اصلی است. همچنین، محتوا، موتیف‌ها و عناصر روساختی این آثار مقایسه شد و عناصر مشترک و متفاوت‌شان مشخص گردید. بررسی این مورد نشان می‌دهد که علی‌رغم وجود چند نکته‌ی مشترک، تفاوت‌های چشمگیری وجود دارد، برای مثال، در بخش مرکزی و اصلی روایت، برخلاف بخش‌های ابتدایی و پایانی، که بسیار شبیه قصه‌های جادویی هستند، با نوعی سرگذشت واقعی روبه‌رو می‌شویم؛ طوری که می‌توان گفت بیت *مم و زین* واقعیتی از جامعه کردستان است که آن را افسانه و رویدادهای افسانه‌ای فراگرفته است.

**واژگان کلیدی:** ادبیات شفاهی کردی، بیت *مم و زین*، قصه‌های جادویی، ریخت‌شناسی، ولادیمیر پراپ

## کورتە

ئامانجی وتاری بەردەست، دیاریکردنی پێکهاتەی بەیتی *مەم و زین* و پاشان بەراوردکردنی هێمانە ژێرخانی و سەرخانییەکانیەتی لەگەڵ چیرۆکی ئەفسووناویی کوردیدا. ئەنجامی دارِشتەناسیی *مەم و زین* نیشان دەدات پێڕەوەکەی ڤلادیمیر پراپ لە زۆر لایەنەوە لەگەڵیدا تەبایە. سێ هێمانی جیاوازی «شینگێڕی»، «دوعا» و «بەڵێنی» ژی دەبینرێن، کە بە سەرنجدان بە گرنگییان لە پێشڤەچوونی گێڕانەوەکەدا، دەکرێت بە «ئەرک» هەژمار بکرێن. لە سی و یەک ئەرکی دەستنیشانکراوی پراپ، بیست و سێ نموونەیان لە *مەم و زین*دا هەن. ئەم بەرهەمە لە دوو بزاڤ پێکدێت و کەسایەتییە سەرەکییەکانی بزاڤی یەکەم بریتین لە مەم، پاڵەوانی سەرەکی؛ زین، کچەمیر؛ بەکر و میرزێندین، تاوانکار و بەنگینە، قەرەتاژدین و خاتووئەستی، یارمەتیدەر. لە بزاڤی دووهەمدا، بەنگینە پاڵەوانە و لە کۆتاییدا دەبێتە پادشا. بەراوردی بەیتی بەرباس و چیرۆکی ئەفسووناویی کوردی ڕوونی دەکاتەوە، سەرەڕای جیاوازیی چەشن، لە باری پێکهاتە و هێمانە ژێرخانییەکانەوە هاوبەشیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام هەندێک جیاوازیش دەبینرێن کە گرنگترینیان سەرنەکەوتنی سەرلەهەنگ یان پاڵەوانی سەرەکییە. لێکۆڵینەوەی ئەم لایەنە نیشان دەدات، سەرەڕای هەبوونی چەند خاڵی هەڤپار، لەم ڕووەوە جیاوازیی بەرچاو لەگۆڕێدایە. بۆ نموونە، لە بەشی ناوەندی و سەرەکیی گێڕانەوەکەدا، بە پێچەوانەی بەشی دەستپێک و کۆتایی کە زۆر لە چیرۆکی ئەفسووناوی نزیکن، بەرەوڕووی جۆرێک سەربوردەی ڕاستەقینە دەبینەوە؛ بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین بەیتی *مەم و زین* ڕاستییەکی کۆمەڵگای کوردستانە کە بە ئەفسانە و ڕووداوی ئەفسووناوی دەورە دراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەدەبی زارەکیی کوردی، بەیتی *مەم و زین*، چیرۆکی ئەفسووناوی، دارِشتەناسی، ڤلادیمیر پراپ

[I] mazharebrahimi@gmail.com (نویسنده مسؤول)

[II] hayrullahacar@hotmail.com

## ۱- پێشەکی

«بەیت»، وەک ژانری هەرە گرنگ و تایبەتی ئەدەبی زارەکیی کوردی، ئەستوونی بەرزی کۆشکی وێژەی زارەکی و سەلمێنەری دەوڵەمەندیی ئەم ئەدەبەیە. بەیتەکان، لە باری ناوەرۆکەوە، زۆرتر، بەسەرهاتی دڵداری، حەماسی، مێژوویی، ئایینی و عیرفانی دەگێڕنەوە و «لەبارەی فۆرمی بەیتدا گوتوویانە بەیت لە دوو بەشی «تەخت» و «بەند» پێکدێ. بەشی تەخت بریتییە لە بەشی پەخشانی بەیت [...] کە بەیتبێژ بە دەنگ و ئاواز نایخوێنێتەوە و بە قسە دەیگێڕێتەوە. بەشی بەندیش، بەشە شیعرییەکەی بەیتە» (مەحموودزادە، ۲۰۰۲: ۱۹). لە ڕاستیدا، «چوارچێوەی گشتیی بەیت بە دار و پەردووی سێ ژانری تری چیرۆک و دراما و شیعر، پێکهاتووە» (۳۱). نموونەیەک لە بەیتە بەناوبانگ و باڵکێشەکان، کە شایەنی ئەوەیە بە سەرگوڵی ئەدەبی زارەکیی ئەم گەلە ناودێر بکرێت، *مەم و زین*ە. سەربوردەی دڵداریی دوو کەسایەتیی سەرەکیی ئەم گێڕانەوەیە، واتە کاکە مەم و خاتوو زین، لە ئەدەبی دەڤکی و نڤیسکی کوردیدا بە بەربڵاوی دەنگ و ڕەنگی داوەتەوە؛ بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە تراژیکە دڵداری و تا ڕادەیێک پاڵەوانی و حەماسییە لە هەموو دەڤەرێن کوردستان و بە زاراوەی جیاجیا باو بووە. لە وێژەی کورمانجی و گۆرانیشدا چووەتە خانەی ئەدەبی نووسراوەوە. بەیتی بەرباس، لە کورمانجیدا بە «مەمێ ئالان» ناسراوە.

بەیتی *مەم و زین* بۆ یەکەم جار لە لایەن لێکۆڵەری ئەڵمانی، ئۆسکار مان-ەوە و بە گوێرەی گێڕانەوەی بەیتبێژی لێزانی ئەودەم، ڕەحمان بەکر، تۆمار کراوە. مان ساڵی ۱۹۰۱ هەتا ۱۹۰۳ بە فەرمانی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر زمانە ئێرانییەکان سەردانی ئێرانی کردووە. موکریان یەکێک لەو شوێنانە بووە کە ناوبراو بۆ کاری مەیدانی هەڵیبژاردووە. ئۆسکار مان لەو ماوەیەدا حەڤدە بەیت و شەش چیرۆکی کۆ کردووەتەوە و لە ساڵی ۱۹۰۵ لەگەڵ وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەیدا لە ژێر ناوی *توحفەی موزەفەرییە* چاپی کردووە. ماﻣۆستا هێمن لە ساڵی ۱۹۷۵دا ئەم کتێبەی هێناوەتە سەر ڕێنووسی کوردی و پێشەکییەکی پڕهێزای بۆ نووسیوە. بە بۆچوونی وی، *مەم و زین* گەلێک کۆنە و نیشانەی ئایینی زەردەشتیی تێدا بەرچاوە. لە سەرانسەری بەیتەکەدا شەڕ و پەڤچوون لە ناڤبەری خێر و شەڕدا دەبینرێت: بەکر هێمای خودای شەڕ و لە بەرانبەردا قەرەتاژدین خودای خێرە و بۆ پاراستنی *مەم و زین* فیداکاریی دەکات. ئەم بەیتە بەناوبانگترین چیرۆکی کوردییە و تا ئێستا بۆ سەر زمانەکانی تر لەوانە ئەڵمانی، فەرەنسی، ڕووسی، ئەرمەنی، فارسی و تورکی وەرگێڕدراوە (لە: مان، ۱۳۹۰: ٤٧- ٤٨). شیاوی ئاماژەیە، ئەم دەقە بۆ یەکەم جار لە لایەن مامۆستا عوبەیدوڵا ئەیووبیانەوە هێنراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی

و لە ساڵی ١٩٦٠، وێڕای وەرگێڕانە فارسییەکەی لە زانستگەی تەورێزدا چاپ کراوە (حجازی، ٢٠١٢: ١٥٠).

یەکێک لە بابەتە باڵکێشەکانی بەیتی *مەم و زین*ی ڕەحمان بەکر کە هەتا نها ئاوڕی شێلگیرانەی لێ نەدراوەتەوە، ئەوەیە کە گێڕانەوەی بەرباس لە لایەکەوە وەکوو بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە دەنوێنێت و لە لایەکی دیکەوە خاوەن هەندێک هێمان و مۆتیفی جادوویی و دەرئاساییە و زۆر لە چیرۆکە جادووییەکان نزیک دەبێتەوە. ئێمە پێمان وایە بە دیاری‌کردنی پێکهاتە و هێمانە سەرەکییەکانی *مەم و زین* دەتوانین بە شێوەیەکی چێتر و قووڵتر بە ناخی ئەو بەیتەدا ڕۆبچین و باشتری بناسین و چاکتری بناسێنین. دەستنیشان‌کردنی پێکهاتەی گێڕانەوەیی و هێمانە داڕێژەرەکانی بەیتی بەرباس، ڕێگەی بەراوردکردنی وردبینانە و زانستیانەی لەگەڵ چیرۆکە ئەفسووناویەکاندا خۆش دەکات و ڕەهەندە جیا و هاوبەشەکانیان دەردەخات. بە مەبەستی دیاری‌کردنی پێکهاتە و هێمانە ژێرخانییەکانی *مەم و زین*، لە پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی ڤلادیمیر پراپ (١٨٩٥-١٩٧٠) کەڵک وەردەگرین. هەروەها بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ چیرۆکێن ئەفسووناویدا لە نامەی ماستێری *داڕشتەناسیی چیرۆکێن ئەفسووناوی لە زمانی کوردیدا بە پێی پێڕەوی ڤلادیمیر پراپ* (ئیبراهیمی، ١٣٩٤) و هەروەها وتارێک هەر بەم ناونیشانە (ئیبراهیمی و پارسا، ١٣٩٥) سوود دەبینین، کە لە پێکهاتەی گێڕانەوەیی ئەم جۆرە چیرۆکانە کۆڵیونەتەوە. مەبەست لە چیرۆکی ئەفسووناوی، ئەو چیرۆکانەن کە لەخۆگری بوونەوەر و ڕووداوی دەرئاسایی و سەیر و سەمەرەن و لە پۆلێنبەندیی ئارن- تامپسۆن‌دا بە کۆدگەلی ٣٠٠ تا ٧٤٩ دیاری کراون (مارزولف، ١٣٩١: ٧٥-١٥٢). لە درێژەی وتارەکەدا سەرەتا بۆچوونەکەی پراپ شرۆڤە دەکەین؛ پاشان پێکهاتەی بەیتی *مەم و زین* بە گوێرەی ئەم بۆچوونە دیاری دەکەین و دوایەش، لایەنە جیا و هاوبەشەکانی بەیتی بەرباس و چیرۆکی ئەفسووناویی کوردی دەخەینەڕوو.

## ٢ـ پێشینەی لێکۆڵینەوە

هەژماری نووسین و ڤەکۆڵین سەبارەت بە *مەم و زین*ی ئەحمەدی خانی و تەنانەت «مەمێ ئالان»، بە بەراورد لەگەڵ بەیتی *مەم و زین*، زیاترە و لێکۆڵەران بە گوێرەی بۆچوونێن جیاجیا ئەم دەقانەیان تاوتوێ کردووە. بۆ نموونە، فەرهاد شاکەلی لە ساڵی ١٩٨٣دا نامەی ماستێرەکەی بە ناونیشانی *ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا* لە زانکۆی ئوپسالا و لەم چەند ساڵەی دواییشدا، گۆران ئالی سالم نامەی ماستێری خۆی لە ژێر ناوی *ڕەنگدانا فۆلکۆرێ د دەستانا مەم و زین یا ئەحمەدێ خانیدا* (٢٠١٧) لە زانستگەی وان پێشکەش کردووە. لە سەر بەیتی مەمێ ئالان ژی نامەیەکی ماستێر لە زانستگەی مێردین بە ناوی *تیپۆلۆژیا لەهەنگێ کورد*

*ل چارچۆڤەیا نێرینێن جوزێف کەمبێل: ب میناکێن ڕۆستەمێ زال و مەمێ ئالان* (۲۰۱۸) لە لایەن سامی چەلکتاش-ەوە پێشکەش کراوە. هەروەها ڕەمزیە ئاسلان وتاری «بەراوردکاریا دەستانا «مەمێ ئالان» و *مەم و زین*ا ئەحمەدێ خانی (۲۰۱۵) و ئیبراهیم تاردوش ژی وتاری «تایبەتیێن لەهەنگێن ترادیسیۆنەل د ڤەگۆتنا کوردی دە» (۲۰۱۸) بڵاو کردووەتەوە. تاردوش لە وتارەکەیدا بە پێی ڕێبازی ڕاگلان تایبەتمەندییەکانی سەرلەهەنگی هەشت گێڕانەوەی دەستنیشان کردووە کە یەکیان «مەمێ ئالان»ە.

لە پێوەندیی لەگەڵ بەیتی «مەم و زین»دا، هاوکار جەمیل محەمەد لەساڵی ۲۰۱۷ لە ماستێرنامەکەیدا بە ناوی *بنیادی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئۆسکار مان و «مەمێ ئالان»ی عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری*، پەرژاوەتەسەر جوداهی و هەڤپاریی داستان و شانۆ لەم بەرهەمانەدا و کات، شوێن، وەسف، دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و زمانیانی بەراورد کردووە. لە دەرەوەی چالاکیی زانکۆییشدا، وەک نموونە، هادی حەبیبی نووسراوەیەکی کورتی بە ناوی «ئوستوورە لە خوێندنەوەی بەیتی *مەم و زین*دا» (۲۰۱۰) لە گۆڤاری *ڕامان*دا بڵاو کردووەتەوە و بە ئاوڕدانەوە لە لایەنە ئوستوورەییەکانی ئەم بەیتە، ئاماژەی بۆ پێنج نموونە کردووە و میناکی هاوشێوەی لە ئوستوورەی یۆنانیدا باس کردووە.

لە هەندێ لێکۆڵینەوەدا بەیتی باسکراو، وێڕای چەند بەرهەمی دیکە، وەک نموونە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. یەکێک لەم هەوڵانە، کتێبە بەنرخەکەی ڕەهبەر مەحموودزادەیە بە ناوی *پێکهاتەی بەیتی کوردی* (۱۳۸۱). نووسەر لەم توێژینەوەیەدا واتای گشتیی بەیتی لەبەرچاو بووە؛ بۆیە، وێڕای چەشنی تایبەتی بەیت، لاوک و حەیرانیشی تاوتوێ کردووە (٤). مەحموودزادە شێوازەکانی بەیتناسی و ڕەگەزەکانی شیعر و چیرۆکی لە بەیتدا دیاری کردووە و لە بەشی سێ و چواری کتێبەکەیشیدا پەرژاوەتەسەر میکانیزمی گەشەی پێکهاتەی بەیت و پۆلێن‌کردنی پێکهاتەیی ئەم ژانرە گرنگەی ئەدەبی زارەکی. لە بەشی کۆتاییشدا، بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە گشتییەکان، حەوت پێکهاتەی جیاوازی لە پانتای بەیت‌وباودا دیاری کردووە کە بریتین لە: ۱. بەیت بە پێکهاتەی تەواو عەیارەوە؛ ۲. بەیتی مەیلەو تەواو عەیار؛ ۳. بەیتی خوازەیی؛ ٤. بەیتی مەنزوومەیی جۆری یەکەم؛ ٥. بەیتی مەنزوومەیی جۆری دووهەم؛ ٦. بەیتی شێوە حەیران و ۷. لاوک. هەروەها وەک نموونەیەکی تر، محەمەد حجازی لە بەشی چوارەمی کتێبی *شوناسی ئۆلی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد* (۲۰۱۲)، هەندێ وێکچوویی ئایینی میهرپەرستی و کاکەیی (یاری) و ئێزدیی لە بەیتی *مەم و زین*دا خستووەتەڕوو (١٤٩-١٦٦). بە پێی نێرینی ناوبراو «بەشەکانی سەرەتای ئەم چیرۆکە بە تەواوی میهری و لە ژێر کاریگەریی

بەهێزی دینە کوردییەکاندایە، بەڵام پاش ئەوەی کە مەم دەچێتە شاری جزیر گۆڕانکاری و تێکەڵاوی زۆر دەبێ و وەکوو ئەوەی خانی ڕەسەنایەتی نەماوە» (١٦٢).

بە سەرنجدان بەو توێژینەوانەی تا ئێستا لە پێوەندیی لەگەڵ بەیتی *مەم و زین*دا ئەنجام دراون، شیکاریی دارِشتەناسانەی ئەم بەیتە بە گوێرەی بۆچوونی پراپ و بەراوردکرنی لەگەڵ چیرۆکی ئەفسووناویی کوردیدا، کارێکی نوێیە. ئەم وتارە لە لایێکەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە بۆچوونی گۆرین، هەوڵی ناسین و ناساندنی زیاتری بەیتی *مەم و زین* دەدات و لە لایێکی ترەوە، لەگەڵ چیرۆکی ئەفسووناویی کوردیدا بەراوردی دەکات. بەرئەنجامی وتاری بەردەست دەتوانێت ببێتە کەرستەی بەراوردی نێوان ئەم بەیتە و بەرهەمە دەڤکی و نڤیسکییەکانی تری ئەدەبی کوردی و هەروەها دەکرێت بە مەبەستی بەراوردکاریی لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبیی زمانەکانی تر کەڵکی لێ ببینرێت.

### ٣- چوارچێوەی تیۆریک: دارِشتەناسی

دارِشتەناسی یان مۆرفۆلۆژی[1] هەوڵێکە بۆ ناسینی هێمانە بنەماییەکانی گێڕانەوە؛ هێمانگەلێک کە بینای گێڕانەوەیان لە سەر دامەزراوە و دەبنە هۆی پێکهاتنی پاژ و هێمانەکانی دیکە. ڤلادیمیر پراپ وەک داهێنەری ئەم تیۆرییە، پاش تاوتوێکردنی سەد چیرۆکی پەریان یان ئەفسووناویی ڕووسی، توانی بچووکترین یەکە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە چیرۆکانە دیاری بکات. بە بۆچوونی ئەو، بە دارِشتەناسیی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان و بە دیاریکردنی پێکهاتەی گشتیی چیرۆکەکان، ڕێگای بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر و هەروەها لەگەڵ ئایین و ئوستوورەکاندا خۆش دەبێت و بەم چەشنە دەتوانین تیشک بخەینە سەر هەندێ مژاری وەکوو پێوەندیی شارستانییەتە کۆنەکان و پێوەندیی نێوان چیرۆکی نەتەوە جۆراوجۆرەکان (١٣٨٦: ٤٤).

پراپ بە پێچەوانەی توێژەرانی پێش خۆی، بە تاوتوێکردنی گەڵاڵە و مۆتیفەوە خۆی سەرقاڵ نەکرد و پێڕەوێکی نوێی داهێنا کە بە گوێرەی ئەو پێڕەوە، پێکهاتەی بنەمایی چیرۆکی پەرییان (ئەفسووناوی)ی دیاری کرد. میتۆدی ئاماژەبۆکراو ئەم دەرفەتە بە توێژەر دەدات کە ژانری ئەم چیرۆکانە تاوتوێ بکات (١٣٧١: ١١١)؛ یان بە وتەی ئیگلتۆن تەنیا شیکاری دەکات و هەڵسەنگێنەر نییە و واتای ڕواڵەتی لەبەرچاو ناگرێت و هەوڵی جیاکردنەوەی هەندێک لە هێمانە ژێرخانییەکانی دەق دەدات (١٣٦٨: ١٣٢). پراپ مۆرفۆلۆژی وەها پێناسەی دەکات:

---

[1] Morphology.

«وەسفکردنی چیرۆک لە سەر بنەمای پاژە پێکهێنەرەکانیان و هەروەها وەسفی هاوسازیی ئەم پاژانە لەگەڵ یەکتردا و لە پێوەندییی لەگەڵ کۆی گشتی چیرۆکەکەدا» (١٣٨٦: ٤٩).

توێژەری ناوبراو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە ساڵی ١٩٢٨دا لە دوو تۆی کتێبێکدا بە ناوی *دارِشتنەناسیی چیرۆکی پەریان* بڵاو کردەوە؛ بەڵام بایەخی ڕاستەقینەی کارەکەی لە پاش بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانە ئینگلیسییەکەی لە ساڵی ١٩٨٥دا دەرکەوت. بە وتەی ئالان دوندێس، کتێبەکەی پراپ کاریگەریی زۆری لە سەر فۆلکلۆرناسان، زمانناسان، کۆمەڵناسان و ڕەخنەگرانی ئەدەبیی داناوە و گێڕانەوەناسانێک وەک لیڤی شتراوس، برێمۆند، گرێماس، بارت و تۆدۆرۆڤ لە توێژینەوەکانیاندا کەڵکیان لێ وەرگرتووە (٧). ڤلادیمیر پراپ لە توێژینەوەکەیدا گەیشتە ئەو ئەنجامە کە هەموو چیرۆکە ئەفسووناوییەکان یەک پێکهاتەیان هەیە. ئەم پێکهاتەیە لە سی و یەک ئەرک چێ بووە، کە لە حەفت ئاقاری چالاکیدا و بە هۆی حەفت کەسایەتیی تیپیکەوە جێبەجێ دەکرێن. ناوبراو ئەنجامی توێژینەوەکانی لەم چوار خاڵە بنەڕەتییەدا کورت کردووەتەوە:

١. ئەرکەکان، هێمانە نەگۆڕەکانی هەموو چیرۆکێک پێکدەهێنن؛
٢. هەژماری ئەرکەکان سنووردارن؛
٣. ئەرکەکان بە شێوەیێکی ڕێکوپێک بە دوای یەکتردا دێن؛
٤. هەموو چیرۆکە ئەفسووناوییەکان لە باری پێکهاتەوە هاوچەشنن (٥٣- ٥٤).

لە درێژەی ئەم بەشەدا چوار تێگەهی گرنگی پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی ڤلادیمیر پراپ، واتە بزاڤ، دۆخی دەستپێک، ئەرک و هەروەها کەسایەتیگەلی ئەنجامدەری ئەو ئەرکانە شرۆڤە دەکەین.

## ٣-١- بزاڤ

ڕەنگە هەر گێڕانەوەیێک لە یەک یان چەند بزاڤ[١] پێکبێت. پراپ، بزاڤ ئاوەها پێناسە دەکات: پەرەسەندنی چیرۆک بە دەستپێکی تاوانکاری یان کەمایەسییەکەوە و تێپەڕبوون لە ئەرکە ناونجییەکان و کۆتاییهاتن بە هاوسەرگیری یان ئەرکێکی هاوشێوە (١٣٨٦: ١٨٣). کەوابوو بزاڤ پەیوەندیی بە ڕوودانی کێشە یان هەبوونی کەمایەسییەکەوە هەیە؛ واتە، لەگەڵ دەستپێکی کەمایەسی یان گرفتێکی نوێ، بزاڤێکی نوێیش دەستپێدەکات. پاڵەوانی چیرۆک (لەم وتارەدا، مەبەست لە «پاڵەوان»، تەنیا قارەمان یان سەرلەهەنگە و بۆ کاراکتێرە جیاجیاکانی چیرۆک لە وشەی «کەسایەتی» کەڵک وەرگیراوە) بۆ لەناوبردنی گرفت یان قەرەبووکردنەوەی کەمایەسی دێتە مەیدان و کێشە و کەمایەسییەکە چارەسەر دەکات. ئەگەر لە چیرۆکێکدا لە پاش

[١] Move.

چارەسەریی کێشە و کەمایەسییە سەرەتاییەکە، کێشە یان کەمایەسییەکی تازە سەرهەڵبدات، نیشاندەری دەستپێکردنی بزاڤێکی نوێیە.

## ٣-٢- دۆخی دەستپێک

دۆخی دەستپێک، هەڵگری وەسفی کەسایەتییەکانی چیرۆک و ڕەوشی ژیانیان و هەروەها هەندێک زانیارییە سەبارەت بە کات و شوێنی ڕووداوەکان. پراپ لەم بارەوە دەڵێت: «هەر چیرۆکێک بە وەسفی دۆخێکەوە دەست پێدەکات؛ بۆ نموونە ئەندامانی ماڵباتێک یان پاڵەوانی داهاتوو دەناسێنرێت. ئەم دیمەنە ئەگەرچی بە ئەرک ئەژمار ناکرێت، بەڵام هێمانێکی دارشتەناسانەی زۆر گرنگە» (١٣٨٦: ٦٠).

## ٣-٣- ئەرک و ئاقاری چالاکیی کەسایەتییەکان

ئەرک[1] بچووکترین هێمانی بنەمایی و کردەوەی هەر کام لە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکە بە گوێرەی باندۆر و گرنگییەکەی لە ڕەوتی پێشڤەچوون و پێشخستنی چیرۆکەکەدا (٦٠). جێبەجێکردنی ئەرکەکان لە ئەستۆی حەفت کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکە کە بریتین لە:

١. پاڵەوان (سەرلەهەنگ یان قارەمان)
٢. تاوانکار
٣. بەخشندە
٤. یارمەتیدەر
٥. کچەمیر یان کەسی مەبەست
٦. بەرێکەر
٧. زرپاڵەوان یان پاڵەوانی درۆینە. (١٦١-١٦٣)

چۆنیەتیی هەڵکەوتنی ئەرکەکان، «بە شێوەیێکی مەنتقی و ڕێکوپێکە و ئەگەرچی لە هیچ ئەفسانەیەکدا هەموو ئەو ئەرکانە پێکەوە نایێن، بەڵام لە ئەفسانەکاندا هەمیشە بە یەک شێوە بە دوای یەکتردا دێن» (سێلدن و ویدۆسۆن، ١٣٨٤: ١٤٢). ئەرکەکان هێمانە سەرەکی و نەگۆڕەکانی چیرۆکن و ئەوەی دەگۆڕدرێت، شێوە و چۆنیەتیی جێبەجێبوونی ئەرکەکانە. بۆ نموونە، لە ڕستەکانی ژێرەوەدا ئەوەی نەگۆڕە و لە هەر سێکیاندا دووپات دەبێتەوە، دوو ئەرکی «ناردن» و «ڕۆیشتن»ە و زانیارییەکانی دیکە وەکوو ناو، خزمایەتی، پیشە و ئامانج، بگۆڕن و هیچ کاریگەرییەکیان لە سەر پێکهاتەی چیرۆکەکان نییە.

[1] Function

نموونەی یەک: پادشا داوا لە پاڵەوان دەکات کچەکەی لە دەستی دێو ڕزگار بکات؛ پاڵەوان دەکەوێتەڕێ.
نموونەی دوو: باوکێک کوڕەکەی بە شوێن شتێکی سەیر و سەمەرەدا دەنێرێت؛ کوڕە دەکەوێتەڕێ.
نموونەی سێ: خوشکێک براکەی بە شوێن ئاگردا دەنێرێت؛ براکە دەکەوێتەڕێ.

هێمانە بگۆڕەکان، سەرەڕای ئەوەی بە ئەرک نایێنە ئەژمار، دەورێکی گرنگیان لە پەرەسەندنی گێڕانەوە و لێکبەستنەوەی بەشە سەرەکییەکان و هەروەها فرەڕەنگی و جیاوازیی ڕواڵەتی و چێژی چیرۆکەکاندا هەیە. ئەم هێمانانە بریتین لە:

١. ناو، پیشە و زایەند
٢. ئامانج و پاڵنەر
٣. وەسفی کات، شوێن، کەس، شت و ڕووداو
٤. وت‌ووێژ
٥. سێ‌پات‌بوونەوە.

خشتەی خوارەوە سی و یەک ئەرکە دەستنیشان‌کراوەکەی پراپی لەخۆ گرتووە. لە نێو ئەم ئەرکانەدا، حەفت نموونەی سەرەتاییان ڕێ بۆ پەرەسەندنی چیرۆک و ڕوودانی ئەرکە گرنگەکان خۆش دەکەن. ئەم حەفت ئەرکە، بێجگە لە سەرەتای چیرۆک، لە درێژە و کۆتایی چیرۆکیشدا ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

**خشتەی ژمارە ١: ئەرکە دەستنیشان‌کراوەکانی ڤلادیمیر پراپ**

| رزن | ئەرک | نیشانە | شرۆڤە |
|---|---|---|---|
| ١ | دوورکەوتنەوە/ نەمان | β | ئەندامێکی بنەماڵە لە ماڵ دوور دەکەوێتەوە یان دەمرێت |
| ٢ | هۆشداری/ فەرمان | γ | هۆشداری‌دان بە پاڵەوان بۆ ئەنجام‌نەدانی کارێک، یان فەرمان‌پێدانی بۆ جێبەجێ-کردنی فەرمان و داخوازییەک |
| ٣ | گوێ‌نەدانە هۆشداری/ جێبەجێ‌کردنی فەرمان | δ | پاڵەوان گوێ بە هۆشدارییەکە نادا یان فەرمانەکە جێبەجێ دەکات |
| ٤ | هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیاری | ε | تاوانکار هەوڵ دەدات سەبارەت بە قوربانی هەواڵ کۆ بکاتەوە |
| ٥ | پێدانی زانیاری | ζ | هەواڵی پێویست بە تاوانکار دەدرێت |
| ٦ | فریوکاری | η | تاوانکار هەوڵ دەدات قوربانی فریو بدات |
| ٧ | فریوخواردن | θ | قوربانی فریو دەخوات |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | تاوان/ کەمایەسی | a/ A | تاوانکار کێشە و کارەساتێک دەقەومێنێ، یان کەمایەسییەک لەئارادایە، وەک نەبوونی هاوسەر، ماڵ و سامان، شتی سەیروسەمەرە و هتد |
| ٩ | داوای یارمەتی و بەڕێ‌کردن | B | ئاشکراکردنی کێشە یان کەمایەسییەکە، داوای یارمەتی لە پاڵەوان و بەڕێ‌کردنی |
| ١٠ | ئامادەیی‌دربڕین | C | پاڵەوان/ زڕپاڵەوان ئامادەی یارمەتی دەبێت یان ناچار بە هاوکاری دەکرێت |
| ١١ | کەوتنەڕێ | ↑ | پاڵەوان/ زڕپاڵەوان بە ئامانجی چارەسەرکردن دەکەوێتەڕێ |
| ١٢ | دیدار لەگەڵ بەخشندە/ هەڵس‌وکەوتی بەخشندە | D | بەخشندە پاڵەوان/ زڕپاڵەوان تاقی دەکاتەوە |
| ١٣ | هەڵس‌وکەوت و کاردانەوەی پاڵەوان | E | پاڵەوان/ زڕپاڵەوان لە تاقیکارییەکەدا سەردەکەوێت یان سەرناکەوێت |
| ١٤ | پێدانی یارمەتیدەری ئەفسووناوی | F | بەخشندە یارمەتیدەرێکی ئەفسووناوی بە پاڵەوان دەدات |
| ١٥ | ڕاگواستن | G | پاڵەوان بە یاریدەی یارمەتیدەر بۆ شوێنی مەبەست دەگوازرێتەوە یان ڕێگاکەی پیشان دەدرێت |
| ١٦ | ململانێ و بەربەرەکانێ | H | شەڕ و ململانێ لە نێوان پاڵەوان و تاوانکاردا ڕوودەدات |
| ١٧ | سەرکەوتن | I | پاڵەوان سەردەکەوێت |
| ١٨ | دیاری‌کردن | J | پاڵەوانی ڕاستەقینە لە لایەن کچەمیرەوە دیاری دەکرێت |
| ١٩ | چارەسەرکردنی کێشە و کەمایەسی | K | پاڵەوان/ یارمەتیدەر کێشە و کەمایەسی سەرەتای چیرۆکەکە چارەسەر دەکات |
| ٢٠ | گەڕانەوە | ↓ | پاڵەوان دەگەڕێتەوە |
| ٢١ | ڕاوەدوونان | Pr | تاوانکار وە دووی پاڵەوان دەکەوێت |
| ٢٢ | ڕزگاری | Rs | پاڵەوان بە یاریدەی یارمەتیدەر یان بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی خۆی ڕزگار دەبێت و هەڵدێت |
| ٢٣ | گەڕانەوە بە نەناسراوی | O | پاڵەوان بە نەناسراوی بۆ نیشتمانی خۆی دەگەڕێتەوە یان ڕێی دەکەوێتە وڵاتێکی تر |
| ٢٤ | هووشە و فشەکردن | L | زڕپاڵەوان خۆی وەک پاڵەوانی ڕاستەقینە دەنوێنێت |
| ٢٥ | پێدانی کاری دژوار | M | کچەمیر یان باوکی، داوای جێبەجێ‌کردنی کارێکی دژوار لە پاڵەوان/ زڕپاڵەوان دەکات |
| ٢٦ | ئەنجامدانی کاری دژوار | N | پاڵەوان کارەکە جێبەجێ دەکات |
| ٢٧ | ناسینەوە | Q | پاڵەوان بە ئەنجامدانی کارێکی دژوار دەناسرێتەوە |
| ٢٨ | ڕسواکردن | Ex | زڕپاڵەوان/ تاوانکار ڕسوا دەکرێن |
| ٢٩ | گۆڕینی ڕواڵەت یان ڕەوشی ژیان | T | ڕەوش یان بیچمی پاڵەوان بە هۆی یارمەتیدەرێکی ئەفسووناوییەوە دەگۆڕدرێت |
| ٣٠ | سزادان | U | تاوانکار سزا دەدرێت |
| ٣١ | پادشایەتی و هاوسەرگیری | W | پاڵەوان دەبێتە پادشا و زەماوەند دەکات، یان خەڵاتێکی پێشکەش دەکرێت |

## ۴ـ پێکهاتەی بەیتی *مەم و زین*

بایەزیدی لەم کتێبەدا تەواو بە ڕێزمانی عەرەبی کاریگەرە، لەبەرئەوەی ناوبراو وەك هەر زانایەکی دیکەی نێو کۆمەڵی کوردەواری سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانستەکەیان زمانی عەرەبی بووە و لە حوجرە و مەدرەسەکاندا ڕێزمانی عەرەبییان خوێندووە، بۆیە بە کاریگەری ئەو زمانە هاتووە ڕێزمانی کوردیشی دارشتووە. بۆ وێنە لە زمانی عەرەبیدا هەر لە یەکەم دەربڕیندا ئەوە دەگوترێت کە: الکلام اما اسم وفعل وحرف، بایەزیدیش هەر لە سەرەتاوە بە کاریگەریی زمانی عەرەبی ئەمەی نیشانداوە: هەر چی خەبەرێ ژ دەڤێ ئینسانی ب دەرکەڤە، یان فعلە یان ئیسمە یان حەرفە، قاتا ب غەیر ژ ڤان سێ قسمان ئیدی ئەسڵا خەبەردان نابتن وکو ئەو سانە هەرچی خەبەر هەنە پێکڤە ل وان سێ قسمان دبن: فعل، ئیسم، حەرف.

خاڵێکی دیکەی کاریگەرییەکە لە نەکردنە کوردی تێگەهـ و زاراوەکان دەردەکەوێت، بایەزیدی لە بەرهەمەکەیدا بەشی هەرە زۆری تێگەهەکانی وەك عەرەبی خۆی نووسیوەتەوە و هەوڵی بە کوردی کردنی نەداوە، تەنیا لەکاتی شرۆڤەکردن و ناساندنەکەدا بە کوردیی ناساندوونی. بۆ وێنە هەموو تێگەهەکانی وەك فاعل، مەفعوول، حەرف، فیعلی لازم، فیعلی موتەعەددی، سیفەت، وەك خۆی نوسیویەتیەوە: فعل ژی دوو قسمە، قسمەك موتەعەددی و قسمەك لازم دبێژین، قسمێ موتەعەددی ژی ئەوە کو ئەو فعل ژ فاعیلێ پەیدا دبتن ب بال مەفعوولەکی وەکو نهادا وە ئستاند.

### ۴-۱- دەستنیشانکردنی هێمانە ژێرخانییەکانی بەیتی *مەم و زین*

لەم بەشەدا، ئەو ڕستانەی بەیتی *مەم و زین* کە لەخۆگری ئەرکی جیاجیای کەسایەتییەکانن، دەخرێنە بەرچاو. لە درێژەی باسەکەشدا، پێکهاتەی دارشتەناسانەی بەیتەکە لە خشتەیەکدا پیشان دەدرێت. بەڵام لە پێشدا، کەسایەتییە چالاکەکانی بەیتی *مەم و زین* دەناسێنین کە بریتین لە: مەم، کوڕی براهیم پادشای یەمەن؛ زین، کچی میر ئاودەڵان و خوشکی میر زێندینی فەرمانڕەوای جزیر؛ بەکر، خزمەتکار و ڕاوێژکاری میر زێندین؛ بەنگینە، کوڕی وەزیری براهیم پادشا و هەڤاڵ و خزمەتکاری مەم؛ خاتوو ئەستی، خوشکی زین و هەڤژینی قەرەتاژدین؛ قەرەتاژدین، ڕاوێژکارو سەرکردەی سپای میر زێندین؛ مەلەک ڕیحان، کچی بەکر و خزمەتکاری زین؛ چەکۆ و عرفۆ، کوڕەمیر و گیرۆدەی جوانیی زین، کە دوایی دەبنە یارمەتیدەری مەم؛ هەروەها دایکی مەم و دایک و باوکی بەنگینە کە لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕن بەڵام ئاماژە بە ناویان نەکراوە.

*٤-١-١- دۆخی دەستپێکی بەیتی مەم و زین*

براهیم پادشای یەمەن، هیچ کوڕی نەبوو. دەگەڵ وەزیری خۆی هەڵستان، ڕۆین بۆ ماڵە خولا؛ دوازدە مەنزڵان ڕۆین. خولا ڕەحمی بەوان کرد؛ وەیس‌ئەلقەرەنی ماهیدەشتێی ناردیە کن ئەوان، دوو سێوی پێدا نارد. نووستبوون؛ لە پشت سەری وانی دانا. ئەوانە بگەڕێنەوە؛ نەیەنە بێتوڵڵا. ئەوانە بۆ کوڕی هاتوون؛ بچنەوە ماڵە خۆیان. شەوی جومعەی دەسنوێژێ هەڵگرن. ئەو سێوەی لەتی بکەن؛ لەتێکی بۆخۆی بخوا، لەتێکی ژنی. جیماع دەگەڵ ژنی خۆیان بکەن. ژنی وان زگیان پڕ دەبێ ئینشاڵڵا: یەکی کوڕێکیان دەبێ. کوڕی براهیم پادشای دەبێ نێوی کاکە مەم بێ، کوڕی وەزیری نێوی بەنگینە بێ. دەبەر خوێندنیان نێن بخوێنن. نێویان لێ نان، ئاغا و نۆکەر، کاکە مەم و بەنگینە. (٢٠١١: ١٤٣)

*٤-١-٢- ڕستەگەلی هەڵگری ئەرک لە بەیتی مەم و زین‌دا*

لێرەدا، بە مەبەستی شیکاریی وردبینانەی بەیتی بەرباس، ئەو ڕستە و کۆڕستە و پاردەقانەی هەڵگری ئەرک یان هێمانە ژێرخانییەکانن و لە چێ‌کردنی پێکهاتەی گێڕانەوەکەدا دەوری گرنگ دەگێڕن، لە دەقی بەیتەکە دەرهێنراون (٢٠١١: ١٤٣-٢٢٢) و بە ژمارە دیاری کراون. ئەم ئەرکانە، لە ڕاستیدا، دارەڕا و دارِشتەی سەرەکیی بەیتەکە پێکدەهێنن.

١. «ئەو جار هێنایانن بردیاننە مەدرەسەی لە خزمەت مامۆستا دانیشتن. حەو ساڵان دە ژێرخانێدا بوون. ڕۆژ و شەویان لێ قەدەغە کردن.» ٢. «ڕۆژێکی سەر و پێیان لێنابوو. نەهاریان بۆ وان هێنا. مەم و بەنگینە نانیان خوارد، ئێسکی سەر و پێیان گەپیان پێدەدا؛ ئاویتیان وە پەنجەرەی کەوت. شووشەی شکان؛ چووە دەرێ.» ٣. «دەڵێ: مامۆستا، ئەگەر دنیا وا خۆشە، بۆ لەمەت قەدەغە کردووە؟» ٤. «دەڵێ: ڕۆڵەینە، خەتای من نییە. حوکمی براهیم پادشایە.» ٥-٦. «کاکە مەم گوتی: دەچمە دەرێ.» مامۆستا گوتی: ڕۆڵە، مەم، سەبرێکی بگرە؛ زەحمەتی من بە خۆڕایی مەدە. [باوکی گوتی]: سەبرێکم لێ بگرە هەتا حەوت مانگی دی؛ هەتاوەکو کۆشک و تەلارت بۆ دروس دەکەم. دایکی گوتی: ڕۆڵە، دەبێ بە قسەی بکەی. کاکە مەم دانیشت هەتا حەوت مانگان.» ٧. «براهیم پادشا خانووبەرەی بۆ دروس کرد. خشتێکی ئاوەزیر، خشتێکی زێو، جا ناردیە کن کوڕی خۆی: ڕۆڵە، تەدارەکم بۆ گرتووی. ڕۆڵە، ڕۆژی جومعەی دەبێ وارد ببی بە کۆشک و باڵەخانەی خۆت. ڕۆژی جومعەی وەدەرکەوت. چووە خانووبەرەکەی.» ٨. «خالەق، هەر ئەتووی لە سەر هەمووانە/ دێنە ڕووی زەمینێ سێ پەریی دە تەڕلانە/ لە سەر کۆشکی کاکە مەمی، کوڕی براهیم پادشای یەمەنێ دەیاندا سەیرانە/ خوشکی چکۆڵە گوتی بە خوشکانە: / ئەمە با یایە زینێ هەڵگرین بیبەینە

یەمەنی گەورە و گرانە/ بزانین کاکە مەم زەریفە یان یایە زین زێدە جوانە. هەڵیانگرت هەتا دەهاتنە شاری یەمەنێ، لە بورجی بەڵەک دەبوونەوە میوانە/ دە کونی پەنجەراندا دەچوونە ژووری یایە زینیان وێڕای میر مەمی درێژ دەکرد شانبەشانە.» ۹-۱۰. «یایە زین دەڵێ: لاوە، لاوەمەتی جندییە/ بەشقی ئەو خوڵای لە ژووری سەرییە/ ئەگەر ئەتوو پێم نەڵێی بابەت کێیە، بۆخۆت نێوت چییە؟ / کاکە مەم دەڵێ: / خاتوونێ کێلگەردنێ/ ئەمن بۆخۆم میر مەمم، تاقەکوڕەی براهیم پادشای یەمەنێ/ کاکە مەم دەڵێ: خاتوونێ چاو بەنگییە/ بەشقی ئەو خوڵایەی لە ژووری سەرییە/ ئەگەر ئەتوو پێم نەڵێی بابت کێیە، بۆخۆت نێوت چییە/ یایە زین دەڵێ: میر مەم، گیان گیان/ ئەمن یایە زینێک بووم بە زولفانە/ خوشکی میر زێندینم، کچی میر ئاودەڵانە.» ۱۱. «دەسرە و ئەنگوستیلەیان پێکدەگۆڕیەوە بە نیشانە.» ۱۲. «یایە زین، عومرەکەم، هەرچەند ماینەی خوڵا دروستی کردووە، جوولەکەیە، فەرەنگە، داسنییە، ئورووسە، دیانە/ حەڵاڵی دنیایە لێم حەرام بێ لە توو زیاتر هەموو وەکو دایک و خوشکانە/ یایە زین دەڵێ: لە خۆم ملبەکوێن و بێسەڵایە/ هەرچەندی نێرینەی خوڵاوەندی عالەمێ دروستی کردوون لە دنیایە/ هەرچەندی جووە، هەرمەنییە، لە توو زیاتر حەڵاڵی دنیایەم لێ حەرام بێ، هەمووم لە کن وەک باب و برای خۆم وایە.» ۱۳. «یایە زینیان توند توند بە دەستان دەپێچاوە/ لە سەر باڵی خۆیان دادەناوە/ هەتا هەڵیانگرت، بردیان لە حەوت تەبەقەی ئاسمانێ ڕاوەستاوە؛ وچانیان نەدا هەتا بردیان لە شار جزیرێ لە جێ و مەکانی خۆیان داناوە.» ١٤. «ئەگەر سبحەینێ کاکە مەم لە خەوێ هەڵستاوە/ بانگ دێڵێ: ئەو بەنگینەی بەڵەکچاوە/ ئەو یایە زینەی لە کن ئەمن بوو بۆ چ دیار نییە لە کن ئەمن نەماوە؟» ١٥. [مەم دەڵێ:] «بابە گیان، ئەلعان و بیلفەرس دەبێ ژنم بۆ بخوازی.» ١٦-١٧. «ڕۆڵە، دەچم لە بۆت دەخوازم کچی پادشای میسرێ/ دەچم لە بۆت دەخوازم کچی پادشای هیندییان/ دەچم لە بۆت دێنم کچی پادشای لە ڕۆژهەڵاتێ/ دەڵێ: بابە گیان، نە میسرم دەوێ نە شامە/ دڵی من وای لە یایە زینێ گرتووە مەقامە/ لە پاش یایە زینێ حەڵاڵی دنیایە لە من حەرامە.» ١٨. «براهیم پادشا گوتی: جزیر دە مولکی خوڵایدا نییە. وەزیر[ی پێشوو] هەموو ڕێوشوێنی جزیرێی [بە مەم] گوت.» ١٩-٢٠. [وەزیر] «گوتی: قوربان، ئەمن نەمزانی، ئەوە خەونی پێوە دیوە. دەسەر کاکە مەمی بکە بچێتە ڕاوێ. یەمەن چل دەروازەی هەیە. چل محەلەیە. هەر محەلەی چل کچ و ژنی جوانی لێ هەڵبژێرە؛ بێنە داوەتی بۆ بگرە. ئەگەر بە خێر لە ڕاوێ هاتەوە، ئەوێ شەوێ لە خەوێی دیوە لەو ژنانە و لەو کچانە یەکیان وە وی دەچێ. کاکە مەم کەیفی دەیگرێ. [مەم] گەییە داوەتێ سەری لە سەر قەڵپووزی زینی دانا، تەماشای کەسی نەکرد، چۆوە دەرکی دیوانی خۆی؛ لەوێ دابەزی.» ٢١. [وەزیر] «گوتی: قوربان، کارێکی

گران نییە؛ لەشکرێکی بۆ دروس بکە، دوازدە هەزار کەس ببێ؛ دوازدە مەنزڵ بڕوا، هەر مەنزڵێ هەزار کەس لێی بگەڕێتەوە؛ جا بە تەنێ دەمێنێ؛ دێتەوە ئێرە.» ۲۲. «کاکە مەم دەسەر بابی کرد گوتی: مەرخەس بفەرمووی دەڕۆم.»

***

۲۳. [خاتوون ئەستی] «گوتی: خوشکێ، بۆ وا زەرد و زەعیف بووی؟» ۲٤. [زین] «گوتی: خوشکێ، هانێ ئەوانە. دەستڕێ و ئەنگوستیلەی [مەمی] لە پێش خاتوون ئەستی دانا.» ۲٥. [مەلەک ڕیحان، کچی بەکر، بە پێوەندییەکەی زانی.] «گوتی: ئەمن چی دی قەرەواشی ناکەم. یایە زین ئەتوو دەچییە شەوگەردییە، ئەمن نابەی.» ۲٦. [زین] «گوتی: جا بۆ زیز دەبی؟ ئەگەر هاتن قەرارمان بێ: ئاغا بۆ من نۆکەر بۆ توو.»

***

۲۷. [مەم و بەنگینە و لەشکری براهیم پادشا] «ئاڵایان هەڵگرت پشتی خۆیان دە یەمەنێ کرد، ڕوویان کرد دە شاری وێرانە جزیرێ.» ۲۸. «سبحەینێ کە لە خەوێ هەڵستان، هیچ کەس نەماوە.» [پشتی چەند ڕۆژان و لە هەر مەنزڵێکدا فەرماندەیێک و هەزار سەرباز جێیان دەهێڵن، هەتا تەنیا مەم و بەنگین دەمێننەوە. بەڵام مەم بڕیار دەدا بڕوات. بەنگینەش لەگەڵی دەڕوات.] ۲۹. «وەدەر دەکەوتن ڕێی شاری جزیرێیان دەکرد پرسیارە/ ئینجا دەڕۆینە خوارێ، هاواریان دەکرد: یا جەببارە/ ئەوێ ڕۆژێ دەڕۆیین ئەو جووتە سوارەکەی غەریب، حاشایان دەکرد لە دنیایە: خوڵایە، لە دووی مەخسوود و مرادان دەچین کێن دێ دە هانایە/ هیچ کەسی دیکەمان نییە بە غەیرەز خوڵا و غەوسی بەغدایە.» ۳۰-۳۱. «ئەوێ شەوێ ئەوان دەنووستن، دە هیمدادیان دەهات غەوس‌ئەلئەعزەم لە بەغدایە / ئەگەر ئەوێ شەوێ سبحەینێ وە خەبەر هاتن، پیاوێکی ڕیش‌سفیدیان لە کن بوو لە بۆ سەفای دنیایە/ لێیان پرسی: بۆ کوێ دەچی، لە کوێ دێی، بەڵەدیت هەیە بە شاری جزیرێ، لە کوێیە ڕێگایە؟ پیاوی ڕدێن‌سپی دەڵێ: ئەنگۆ میوانن، بە خێر بێن، سەر چاوەکانم/ بە خوڵای بۆخۆم بەڵەدم، بە شاری جزیرێ دەزانم.» ۳۲. «سبحەینێ وەدەر کەوتن ئەو جووتە سوارە/ وەیس‌ئەلقەرەنی ماهیدەشتی دەیکردن قوتارە/ بۆ شاری جزیرێ دەچوونە خوارە/ هەتا دەگەینە جووتێری یایە زینێ لەوێ دەبوون میوانە.» ۳۳-۳٤. «ئینجا ئەو سوارە بانگ دێڵن: ئەی جووتێر، ئەوە جووتی کوێیە؟/ جووتێر دەڵێ: ئەی جووتە سوار، ئەوە جووتی شاری جزیرێیە/ ئەوە پیاوی یایە زینێیە/ دەهاتن و دەگەیشتنەوە سەر چۆمەکەی کاولە جزیرێ/ تەماشا دەکەن هەموو گازرکارە ڕاوەستاوە./ کاکە مەم دەڵێ: ئەی گازرەکارێ، گازری دەکەی بە دەستانە/ ئەمە غەریبین لەوانی بێگانە/ بە قسەی توو لە یەمەنێڕا هاتینە جزیرێ بۆتانە/ مەلەک ڕیحان

دەڵێ: ئەی جووتە سوارەکەی دوورمەکانە/ هەر لەوێڕا بەخێرێن؛ پێڵاوو سەرچاوی من هەتا ئێرەکانە/ ئەو یایە زینی ئەنگۆی هێناوە، چل قەرەواشی وەکو من ئەوا لەبەر دەستانە.» ٣٥. «کاکە مەم بانگ دێڵێ: خاتوونێ، خاتوونێ گیانە/ کێ سەخی و لۆتییە، ئەمە بچین لێی ببین میوانە؟» ٣٦. «مەلەک ڕیحان دەڵێ: لاوە ئەگەر بۆ مەخسوود و مرادان هاتوون، بچۆ مەنزڵی کا بەکری/ ئەگەر بۆ نان پەیداکردن هاتووی، بچۆ ماڵە میر زێندینی/ ئەگەر بۆ پیاوەتی هاتووی، بچۆ ماڵە قەرەتاژدینی.» ٣٧. «کاکە مەم دەڵێ: ئەمن بۆ مەخسوود و مرادان هاتووم، چاک وەیە بچمە ماڵە کا بەکری/ لە هیچ کوێ ڕانەوەستان هەتا گەینە دەرکی کا بەکری/ هیچ کەسێک نییە لە دەرکی کا بەکری/ ئەگەر بێ جڵەوی ئەو جووتە سوارەی بگری/ کاکە مەم دەڵێ: مەسڵەحەت ئەوەیە بچینە ماڵە قارەتاژدینی.» ٣٨. «بەکر ئاغا دەڵێ: بە حەقی ئەوەی ساحب سەفایە/ ئەوی ئەوانە بۆی هاتوون لە ڕووی دنیایە/ نایەڵم هیچ مەخسوود و مرادیان حاسڵ بێ؛ بە حەقی ئەو خوڵایە» ٣٩. «میر زێندین ناردیە کن قەرەتاژدینی: بۆچی نایەتە دیوانێ؟» ٤٠. «قەرەتاژدین دەڵێ: چەند ساڵان بوو برایەکم بوو ڕۆییبوو، بە سایەی نێو چاوانی وی هاتۆتەوە؛ نێوی وی کاکە مەمە، جا لەبەر ئەوەی بە خزمەت ناگەم.» [بە میر زێندین ناڵێت مەم کێیە و لە کوێوە هاتووە.] ٤١. [میر] «گوتی: بەکر ئاغا، وەرە تەگبیرێ بکەین؛ کاکە مەم هێند نەجیمە، هەرچەن دەکەم، شاری جزیرێ قابیلی نییە بیدەمێ. هیچی دی شک نابەم، مەگەر یایە زینێی بە کۆشک و تالارەوە بدەمێ. گوتی: قوربان، ئاغای من، ئەوشۆی مەدە. بچۆ ماڵێ، پرسێکی بکە، بە یایە زینێش بڵێ.» ٤٢. [میر قبووڵی کرد.] ٤٣. [بەکر] «چوو لەو کووچەی لە ماڵە قەرەتاژدینیڕا دەهات بۆ ماڵە میر زێندینی. بەکر زێڕی دە باغەڵی خۆی نا؛ هەر ژنێکی حیز بوو، قەحبە بوو، دراوی دایە. بەوانی گوت: ئەگەر سبحەینێ خەبەرم دانێ، هەر کەس لە ماڵە خۆی بێتە دەرێ/ قوڕێ بەسەری خۆی کا، یەخەی بیچڕێ/ بگیرێی بڵێ: هەی ڕۆ! یایە زین گول بوو، دەریان-کرد لە شاری جزیرێ.» ٤٤. «سبحەینێ ژنەکان هاتنە سەری کووچەی/ دەستیان بە گریانێ کرد. کاکە مەم لەولای هات، گوتی: ئەوە چییە!؟ ژنەکان دەڵێن: ئەورۆ سێ ڕۆژە یایە زین گول بووە؛ کەر و تێڕیان داوەتێ. دەریان کردووە لە شاری.» ٤٥. «میر فەرمووی: قەرەتاژدین، ئەوە یایە زینم بە جێ و مەکان و تالارەوە پێشکێشی کاکە مەمی کرد. کاکە مەم گوتی: میر، ئەوە قبووڵم کرد؛ دامەوە بە توو.» ٤٦. «میر فەرمووی: قەرەتاژدین، دانیشەوە؛ ئەوە کاکە مەم یایە زینی قبووڵ نەکرد لە من؛ ئەمن شتێکی لە وی دەخوازم، کاکە مەم بە منی بدا. گوتی: ئەتوو ئەو نۆکەرەی خۆت بە من بدە، ئەگە بەنگینەیە. گوتی: قوربان، پێشکێشت بێ.» ٤٧. «بەکر وا چووە کن یایە زینێ: چ بکەم، برای توو شێت و ناتەواوە/ حیزبابێکی خوێڕی هاتووە

کەس بە مەنزڵی نازانێ/ ئەوشەو کاکی توو سێ جاری ئەتوو پێشکێش کرد، قبووڵی نەکرد لە دیوانێ.» ٤٨. [زین دەڵێ:] «سبحەینێ دەبێ ئەو کاکە مەمەی ببینم، بزانم ئەگەر ئەمنی نەدەویست بۆچ پادشایەتیی یەمەنێی بەجێ دەیەشت، ڕێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان دەهاتە جزیرێ وێرانێ. یایە زین گوتی: بۆچی مەجمیعەی ئەو قاپان هەموو ڕۆژێ ناشۆن؛ بە پیسی دەچنە دیوانێ؟ هەڵیگرن دەیبەمە حەوزی ماڵە کاکم؛ ئەمن دەیانشۆم.» ٤٩. «عرفۆ هەڵستا دەگەڵ چەکۆی، قەرەتاژدینی، لە سەر بانی چوونە خوارێ؛ ئەسپی خۆیان هێنا دەرێ؛ سوێندیان خوارد بە قورعانێ: ئەگەر یایە زین قسەی دەگەڵ کاکە مەمی یەک بێ، هەرچی لە کووچان، لە سوقاقان قسێکی بکا، فزووڵی بکا، سەری دەبڕین.» [*مەم و زین* یەکتر دەبینن و ڕاستییەکەیان بۆ دەردەکەوێت و پیلانی بەکر خویا دەبێت.] ٥٠. «کێ بوو لە یایە زینێ بەڵەکچاوە/ دەستی دەدا جامی ئاوێ، بازنەی لە دەستی خۆی دەرهێنا، ئەنگوستیلەی لە قامکی خۆی ڕاکێشاوە/ گوارەی لە گوێی خۆی دەرهێنا، دەرزیی لە بەرۆکی هەڵکێشاوە، دە جامی ئاوێی ناوە/ جامی لە سەرینچاوەی کانیە هەڵدێنجا، بە دەس کاکە مەمی داوە.» ٥١-٥٢. [میر زێندین مەم بانگهێشتی کۆشکی میری دەکات] «میر دەڵێ: کاکە مەم نەکەین گوفتارێ/ بڵا تەختەنەردینێ بێنین ڕۆبنیشین لە قومارێ. / ڕۆدەنیشتن دووبەدوو میر مەمی نەوجوانە/ بۆ وەعدەی پێنج سەعاتی لێکیان دەدا شانبەشانە/ کاکە مەم زۆری لە میری بردەوە، کردی سەری وێرانە.» ٥٣-٥٤. «گوتی: بڵا جێیان بگۆڕینەوە. گوتی: بەڵێ قوربان. بەکر تەگبیری کردبوو جێیان بگۆڕنەوە. کاکە مەمیان لەوێ هەڵستان، چووە جێی میری. دیسان قوماریان کرد. میر باشاری کاکە مەمی نەکرد.» ٥٥-٥٦. «بەکر بە دزی بە میری گوت: بڵا یایە زین بێ، قاوەی بگێڕێ. گوتی: بەندێکی بانگی کاکە مەمی کە. میر دەڵێ: کاکە مەم، بەو خوڵایەی کەم بێ نسرینە/ پادشایەکی بێ شەریکە، هیچ شەریکی لە بۆ نینە/ لە کن ئەمن وایە ئەوەتی لە دایک و بابی خۆت بووی هیچ دۆستی بە دڵت نینە. / میر مەم دەڵێ: میر دەغیلت بم، ئەمن دەبژێرم شوکرانێ/ دۆستی من یەکێکە وەک عۆریەکانی لە ئاسمانێ/ میر دەڵێ: یاری تووم گوێ قوتن وەک گوێ دە مشکان/ ئای دۆستی توو سەری هەڵنایە لەبەر ئەسپێ و ڕشکان./ میر مەم دەڵێ: میران، بە قوربانت بم، لێم مەگرە بەهانێ/ دۆستی من یەکێکە وەک عۆرییەکانی لە ئاسمانێ/ دۆستی من ئەوەیە، بووە بە ساقی قاوەی دەگێڕێ لە دیوانێ.» [بەم جۆرە بە پێی پیلانی بەکر، مەم پێوەندیی نێوان خۆی و زین ئاشکرا دەکات.] ٥٧. «قەرەتاژدین بە میری گوت: ئەتوو ئەو قەحبە هێناوتە کردووتەتە ساقی لە دیوانی؟ پیلی کاکە مەمی گرت، بردیەوە بۆ ماڵێ.»

***

٥٨. «یایە زین قاقەزێکی بۆ کاکە مەم نووسی: وەرە تەمەنایە بکەین لە خولای، کاکی من ئاشقە ڕاوە، هەڵکاتە شەماڵی، لێی دا لە گۆپاڵ بارانێ. ئینجا تەمەنایان دەکرد لە خولا، حەدی ماڵنووستنان هەڵیدەکردە شەماڵی، لێی دەدا لە گۆپاڵ بارانێ.» ٥٩-٦٠. [مەم بە پێی ڕاوێژی زین خۆی دەدا لە نەخۆشی و بە بەنگینە دەڵێت:] «ئەگەر دەچییە کن میر زێندینی بڵێ: میر مەم دەردی گرانە، گەلێک نەخۆشە. ئەگەر بەنگین وەدەردەکەوت، ئەو خەبەرەی بۆ ئاغای خۆی دەبردەوە لە دیوانێ دەڵێ: میر مەم نەخۆشە، کەس بە دەوا و دەردی نازانێ. » [میر زۆر پێداگری دەکات، بەڵام بە یارمەتیی بەنگینە و خاتوو ئەستی میر ڕازی دەبێت و وازی لێ دەهێنێت.] ٦١. «کاکە مەم هەتا چێشتانێ دانیشت، لە پاشان سەبرسەبر ڕۆیی بۆ دیوانی میری/ یایە زین دەهات، لە کاکە مەمی دەکرد سەلام و سەلاوە/ دەستیان دەستۆی یەک دەکرد، دەمیان بە دمی یەکەوە ناوە.» ٦٢-٦٣. «بەکر ئاگای لێ بوو کاکە مەم هاتە دیوانێ/ قاسیدی لە سەر دادەنا لە بۆ کێشک‌کێشانێ/ کێشکی چاکیان لێ کێشاوە/ هەردووک خەویان لێ دەکەوت، ئەو جووتە لاوە/ میر ڕاوی دەکرد هەتا ڕۆژ وەرگەڕاوە. قەرەتاژدین گوتی: ئەمن دەزانم کاکە مەم دەگەڵ یایە زینێ دە دیوانێ خەوی لێ کەوتووە. بەنگینە، وەرە، ئەتوو هەڵێ؛ *مەم و زین*یان لە خەوێ هەڵستێنە. بەنگین دەڵێ: کاکە مەم لەو خەوەی هەڵستە. کاکە مەم گوتی: بەنگینە، تەماشا کە، بزانە دوورە یا نیزیکە. بەنگینە چووە سەربانی؛ کەمی مابوو بگاتە قەراخی شاری. تەماشای کرد *مەم و زین* دیسان خەویان لێ کەوتبۆوە. میر گوتی: بلا بچین سەرێکی کاکە مەمی بدەین. بەکر دەیزانێ دەگەڵ یایە زینێ دە وەتاغێدان. بەکر گوتی: قوربان، دابەزە. پیاوی دەنێرم بزانێ کاکە مەم چلۆنە. میر ئەگەر هاتەوە، چووە دیوانێ. کاکە مەم چاری نەبوو، یایە زینی دەبن کەوڵێ نا؛ پاڵی وە کوڵینچکی وەتاغێ دا. یایە زین دە گوێ کەوڵیدا کەزی خۆی بە قەرەتاژدینی نیشان دا. قەرەتاژدین ئەگەر وای‌زانی، نۆکەری بانگ کرد، گوتی: بڕۆ، حەوت دەرکم هەیە؛ پووشی تێ‌نێ، ئاوەری بدە، بلا ماڵە من بسووتێ. میر وەدەر کەوت بە یەقینێ/ ڕووی کردە ماڵە قەرەتاژدینێ.» ٦٤. [مەم] «دەیگوت: یایە زین، دەست دەستۆی کەم، دوو ماچان لە کوڵمان بکەم تەواوە. ئەگەر دەمی ڕە کوڵمەی یایە زینێ کەوت،/ دەستڕەی دەستانی بەربۆوە؛ ئەوی لەوێ کەوت/ بەکر هەڕا دەکا، ڕانامێنێ/ دەستڕەی یایە زینێ پڕ دەداتێ دەیڕفێنێ. میر گوتی: وەرن، باربووی ماڵە قەرەتاژدینی بکەین. بەکر ئاغا گوتی: قوربان کەسێک ماڵە خۆی بە دەستی خۆی بسووتێنێ، ئەمن ماڵە خۆم بۆچی بدەمێ؟» [ئینجا ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە] ٦٥. «میر گوتی: بەکر ئاغا، ئەتوو ڕاست دەکەی. «مەسڵەحەت چییە؟» ٦٦. بەکر گوتی: قوربان، وڵاتێکمان هەیە قەد خەرجمان ناداتێ، [قەرەتاژدین بنێرین بۆ ئەوێ]؛

بڵا زیندانێکی هەڵکەنین بۆ کاکە مەمی، هیچ کەس نەزانێ. بە مانگێکی زیندانیان تەمام کرد.» ٦٧. «میر گوتی: کوڕینە، ئێمە چ بکەین؛ وڵاتێکم هەیە ئیتاعەتێم ناکەن، خەرجم نادەنێ. گوتیان: قوربان، چ دەفەرمووی وا دەکەین. میر گوتی: مەسڵەحەتە ئەنگۆ بچن، کاکە مەمی بۆ من بەجێ بێڵن. بە تەنێ ئەمن عاجز دەبم.» ٦٨. «گوتیان: بەڵێ؛ تەدارەکمان بۆ بگرە؛ لەشکرمان بۆ وەدەرخە. یان سەری خۆمان دادەنێین یان بەجارێکی ماڵ و تالانت بۆ دێنین.» ٦٩. لە پاشان میر زێندین و بەکر کاکە مەمیان خستە زیندان. ٧٠. «تاژییەکی کاکە مەمی بوو؛ ئەگەر زانی کاکە مەمیان دە زیندانێ هاویشت، چووە دەرکی یایە زینێ. هەموو ڕۆژێ نانیان دەدا بە تووتکە تاژییەکەی، قەپی پێدا دەکرد هەڵیدەگرت، دەیبرد بۆ کاکە مەمی دە زیندانێ داویشت. هەتا چل شەوی هەر وا بوو.» ٧١. «ڕۆژێکی مزگێنیان هێنا، لەشکر هاتەوە. یایە زین گوتی: ئەو لەشکر هاتەوە، ئەو تووتکە تاژییە بۆ وا لاواز بووە؛ جا ئەمن چ بکەم لە خەجاڵەتی کاکە مەمی؟ نانیان ئاوێتە بەرێ، قەپی پێدا کرد، هەڵی‌گرت و بردی. یایە زین بۆخۆی وەدووی کەوت. تووتک گەییە سەر زیندانێ بۆی بەرداوە. ئەگەر یایە زین چوو، تەماشای کرد، پێی زانی، ئەوە زیندانە، کاکە مەم دەوێدایە. میر مەم دەڵێ: ئەی خوڵا، بە ڕەحمەتی تۆم شوکرانە/ ئەمن نەمزانی لە شاری جزیرێ بەکر وا شەیتانە/ زوڵفی خۆت بکە تەناف، بزانە دەرمڵنایەنی لە زیندانێ.» ٧٢. «یایە زین دەڵێ: قەرەتاژدین ئاغاکەت کوانێ؟/ چل شەوە جەمی دەگەڵ جەمی سەگانە لە زیندانێ.» ٧٣. «ئینجا ئەو چوار شێرە [قەرەتاژدین، چەکۆ، عرفۆ، بەنگین] بە گریان دەهاتنە خوارێ لە کۆڵانێ/ هەموویان دەهاتن، دەگەینە سەر زیندانێ/ ئینجا یایە زین کەزیی خۆی بەعاڵقە کرد ئاوێتیە زیندانێ/ کاکە مەم ئاوێتیە ئەستۆ و بنەنگڵی خۆی؛ دەستیان کرد بە هەڵکێشانێ.» ٧٤. «کاکە مەم دەڵێ: پێیان بڵێ گەردنم ئازاد بکەن؛ دەوڵەت زیاد و ماڵی ئاوا/ لە توو دیدار ئاخرەت بووم، لە ئاهی دایک و بابم مەخسوودم نەبوو تەواوە/ بە ڕەحمەتی خوڵای میوان دەهاتنە سەر کاکە مەمی بۆ گیان‌کێشانێ.» ٧٥. «یایە زین، ئەگەر وا دەزانێ، دەست دەکا بە چەمبەر و گریانێ / عرفۆ، چەکۆ و قەرەتاژدین دەست دەکەن بە گریانێ.» ٧٦. «میر زێندین هەڵدەستا دەهاتە کن ئەوان لە دیوانێ/ ئەویش وەک ئەوان دەس دەکا بە گریانێ/ ئەمن نەمزانیوە کوڕی براهیم پادشایە هاتۆتە ئێرەکانە.»

***

٧٧. [بەنگینە] «ئەسپ و تاژی دە خمی دەنا بۆ یەمەنێ گەڕاوە.» ٧٨. «براهیم پادشا وەدەرکەوت، دەڵێ: بەنگین، کاکە مەم چی لێ هات و چی لێ قەوماوە؟» ٧٩. «دەڵێ: براهیم پادشا بە قوربانت بم! دەردێکی گەییە، ئەمر حەقی بەجێ هێناوە.» ٨٠. «براهیم

پادشا دەڵێ: بەنگینە چ دەکەی لە منی بێ کوڕ و فەقیرێ/ چ بکەم لە یەمەنێڕا چلۆن بگەمە شاری جزیرێ؟» ٨١-٨٢. «دایکی مەمی، ئەگەر وا دەزانێ، لەشکر و قۆشەنی دەنگ داوە/ هەر بەو شەوەی ئالای هەڵکرد، بەیداغی ڕاکێشاوە/ بەنگین بانگ لە سەر بانگی لێدەدا، بۆ شاری جزیرێ گەڕاوە.»

***

٨٣. «یایە زین بە گریانێ چووە سەر قەبران. دەڵێ: خوڵایە بە غەیرەز ئەتوو کەس نییە بمێنی/ ئەمن چیدیکەم بۆ مەجووزاتان نەژێنی/ ئەمن بە کێلی کاکە مەمەوە بمرێنی/ خوڵایە، ئەتوو کەریمی، قادری/ میوانی خوڵای دێ، ڕۆحی لە یایە زینێ وەردەگری.» ٨٤. «میر بە بەکری فەرمووو: برۆ، قەبری بۆ هەڵکەنن. هەرجێکی پاچیان لێدابوو بەروو لە هیچ کوێ هەڵنەکەنرا، لە کن کاکە مەمی نەبێ. یایە زینیان تەسلیم کرد. دایانپۆشی گوتیان: یاڵڵا برۆینەوە. شەقڵن لە قەبری کاکە مەم و یایە زینێ هات. بەکر گوتی: ئاحا! دەست هەڵناگرن، ئەوا لە قەبریش چوونە پاڵی یەک/ خوشکی قەعبەی توو لە قیامەتێش دەس لە خەڵقی هەڵناگری.» ٨٥. «میر گوتی: هەموو کارێکی پێ کردم، دەنجا بیکوژن.» ٨٦. «بەکر خۆی ئاوێتە نێوانی قەبری کاکە مەم و یایە زینێ. خوێنی بەکری لە نێوانی قەبری کاکە مەم و یایە زینێ کەوت، ئێستا بوو بە زی لەوێ شین بوو.» ٨٧. [بەنگینە] «ڕووی دە ماڵە بەکری کرد؛ هەرچی گەییە سەری بڕی، سینگی هەڵێناوە. ڕووی دە ماڵە میر زێندینی کرد، قەتی یەک خەلا نەبوو، یەکی نەماوە هەتا بە جارێکی ئاساریان بڕاوە.» ٨٨. «جا خاتوون ئەستی کوێنی دەبەر خۆی کرد، چوو لە پێش براهیم پادشای ڕاوەستاوە،/ دەڵێ: پادشا، *مەم و زین* چوون، ئاساری ماڵە بابم بڕاوە. براهیم پادشا دەستی دەستۆی خاتوون ئەستی کرد، گوتی: ئەتوو کچی منی، ئەتووم لە جێی کاکە مەمی ڕۆناوە. جزیر بە قەرەتاژدینی تەسلیم کرا.» ٨٩. «گەڕانەوە بە دواوە. / براهیم پادشا لە حەسرەتان کوێری بوون هەرتک چاوە. / دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان لەشکریان هێناوە بە دواوە » ٩٠. «داخل بە شاری یەمەنێ دەبوو، هەموو کەس خۆی دە قوڕێ ناوە.» ٩١. «بەنگینی کرد بە کوڕی خۆی و بەسەر شاری یەمەنێی داناوە.»

## ۴-۲- مۆرفۆلۆژی یان شیکاریی داڕشتەناسانەی بەیتی *مەم و زین*

لەم بەشەدا، پێکهاتەی داڕشتەناسانەی بەیتی *مەم و زین* پێشکەش دەکرێت. لە خشتەی خوارەوە، ئەو ئەرکانەی لە بەشی پێشوودا بە ژمارە دیاری کران، بە پێی نیشانەی تایبەت بە خۆیان پیشان دەدرێن. دوایە، دۆخی دەستپێک، بزاڤەکان و کەسایەتیگەلی جێبەجێکاری ئەرکەکان و

هەندێ هێمانی تایبەت دەخرێنە پێش چاو. ئینجا پێکهاتەی دەستنیشان‌کراوی بەیتەکە شرۆڤە دەکرێت. شیاوی وتنە ئەم خشتەیە هێمانە سەرخانییەکانی وەک وەسفی کەس و شوێن و شتەکان، وت‌وویژ و پاڵنەر و ئامانجەکانی ئەنجام‌دانی ئەو ئەرکانە لەخۆ ناگرێت.

**خشتەی ژمارە ٢: پێکهاتەی دارِشتەناسانەی بەیتی «مەم و زین»**

| ژمارە | نیشانەی ئەرک | ژمارە | نیشانەی ئەرک | ژمارە | نیشانەی ئەرک | ژمارە | نیشانەی ئەرک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | $\gamma$ | ٢٤ | $\zeta$ | ٤٧ | $A / \eta$ | ٧٠ | F |
| ٢ | $\delta$ | ٢٥ | $\varepsilon$ | ٤٨ | $\theta^{neg}$ | ٧١ | $\zeta$ |
| ٣ | $\varepsilon$ | ٢٦ | $\zeta$ | ٤٩ | K | ٧٢ | B |
| ٤ | $\zeta$ | ٢٧ | ↑ | ٥٠ | J | ٧٣ | Rs |
| ٥ | $\gamma$ | ٢٨ | $\delta*$ | ٥١ | H | ٧٤ | A |
| ٦ | $\delta$ | ٢٩ | $*^{٢}$ | ٥٢ | I | ٧٥ | $*^{٣}$ |
| ٧ | $\delta$ | ٣٠ | D | ٥٣ | $H / \eta$ | ٧٦ | $*^{٤}$ |
| ٨ | G | ٣١ | E | ٥٤ | $I / \theta^{neg}$ | ٧٧ | ↓ |
| ٩ | $\varepsilon$ | ٣٢ | G | ٥٥ | $H / \eta$ | ٧٨ | $\varepsilon$ |
| ١٠ | $\zeta$ | ٣٣ | $\varepsilon$ | ٥٦ | $I^{neg} / \theta$ | ٧٩ | $\zeta$ |
| ١١ | J | ٣٤ | $G / \zeta$ | ٥٧ | Rs | ٨٠ | B |
| ١٢ | * | ٣٥ | $\varepsilon$ | ٥٨ | $*^{٢}$ | ٨١ | C |
| ١٣ | G | ٣٦ | $\zeta / \gamma$ | ٥٩ | $\eta / H$ | ٨٢ | ↑ |
| ١٤ | a | ٣٧ | $\delta$ | ٦٠ | $\theta / I$ | ٨٣ | $*^{٢}$ |
| ١٥ | B | ٣٨ | A | ٦١ | K | ٨٤ | A |
| ١٦ | $\gamma$ | ٣٩ | $\varepsilon$ | ٦٢ | Pr | ٨٥ | U |
| ١٧ | $\delta$ | ٤٠ | $\zeta^{neg}$ | ٦٣ | Rs | ٨٦ | A |
| ١٨ | $\zeta$ | ٤١ | $\eta$ | ٦٤ | Pr / A | ٨٧ | U |
| ١٩ | $\gamma*$ | ٤٢ | $\theta$ | ٦٥ | $Rs^{neg}$ | ٨٨ | $U^{neg}$ |
| ٢٠ | $\delta*$ | ٤٣ | A | ٦٦ | A | ٨٩ | ↓ |
| ٢١ | $\gamma*$ | ٤٤ | $\eta$ | ٦٧ | $\eta$ | ٩٠ | $*^{٣}$ |
| ٢٢ | C | ٤٥ | $\theta$ | ٦٨ | $\theta$ | ٩١ | W |
| ٢٣ | $\varepsilon$ | ٤٦ | $E^{neg}$ | ٦٩ | A | | |

| | |
|---|---|
| **دۆخی دەستپێک** | ١. نەبوونی منداڵی کوڕ<br>٢. لەدایک‌بوونی پاڵەوانەکان بە هۆی سێوی ئەفسووناوییەوە<br>٣. ناساندنی وڵات، ناو و پێگەی پاڵەوانەکان و ماڵباتیان (مەم، کوڕی براهیم پادشای یەمەن و بەنگینە، کوڕی وەزیر) |

| | |
|---|---|
| **ئاقاری چالاکیی کەسایەتییەکان** | **بزاڤی یەکەم:**<br>۱. پاڵەوان: مەم<br>۲. کچەمیر یان کەسی مەبەست: زین<br>۳. بەخشندە: خوا و وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی<br>٤. یارمەتیدەر: بەنگینە، قەرەتاژدین، خاتوون ەستی، خوا، وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی، چەکۆ، عرفۆ، تاژییەکەی مەم<br>۵. تاوانکار: بەکر و میر زێندین<br>(شیاوی باسە، دەوری مەلەک ڕیحان، کچی بەکر، بە جوانی ڕوون نییە؛ لە لایەکەوە وەکوو یارمەتیدەری زین خویا دەبێت و لە لایەکی ترەوە دەکەوێتە بەرەی تاوانکارانەوە؛ بەڵام لە کۆتاییدا هەر وەک تاوانکار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.)<br>**بزاڤی دووەم:**<br>۱. پاڵەوان: بەنگینە<br>۲. بەڕێکەر: دایک و باوکی مەم<br>۳. تاوانکار: بەکر و میر زێندین |
| **هەندێ هێمانی جیاواز لە پێڕەوەکەی پراپ** | ۱* = بەڵێنی و پەیمان      ۲* = دوعا<br>۳* = شینگێڕی      ٤* = پەشیمانی |
| **ڕوونکردنەوە** | نیشانەی ئەستێرە (*) = ئەم نیشانەیە لە پێڕەوی پراپدا نییە و بە مەبەستی نیشان‌دانی هێمانی تایبەت و جیاواز کەڵکی لێ وەرگیراوە.<br>Neg / Negetive = ئەرکێک کە جێبەجێ نەبووە، یان پێچەوانەکەی جێبەجێ کراوە. |

بە پێی ئەو زانیارییانەی سەرەوە، بەیتی *مەم و زین* لە دوو بزاڤ پێکهاتووە و بەم پێیە، دوو پاڵەوانیشی هەیە، کە بریتین لە مەم و بەنگینە. پێکهاتەی ئەم گێڕانەوەیە بەم چەشنەیە کە لە پاش وەسفی دۆخی دەستپێک، پاڵەوانی سەرەکی (مەم) و هاوڕێکەی (بەنگینە) هەر لە منداڵییەوە و لە ژێرخانێکدا نراونەتەبەر خوێندن و ڕۆژی ڕووناکیان لێ قەدەغە کراوە. کاتێک پاڵەوان بەوەی دەزانێت، سەرەڕای نارەزایەتیی باوکی (براهیم پادشای یەمەن)، دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت. شەوێک سێ پەری، کچەمیر (زین) لە جزیرەوە دەگوازنەوە بۆ کۆشکی پاڵەوان. پاڵەوان و کچەمیر ئەنگوستیلەکانیان دەگۆڕنەوە و بەڵێنی وەفاداری دەدەن. پاش ئەوەی پەرییەکان کچەمیر دەبەنەوە، پاڵەوان، بڕیار دەدات بە دوایدا بچێت و پاڕانەوەی دایک و باوک و فێڵی وەزیران ناتوانن پاشگەزی بکەنەوە. بە یاریدە و ڕێنوێنیی بەخشندە و یارمەتیدەران (وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی، خوا، بەنگینە، جووتیار و گازرکاری ڕاسپێردراوی کچەمیر) دەگاتە جزیر و لەماڵی یارمەتیدەرانی دیکەیدا (خاتوون ئەستی و قەرەتاژدین) دەگیرسێتەوە. تاوانکاری سەرەکی (بەکر)، ژنان هان دەدات بە پاڵەوان بڵێن کچەمیر گول بووە و لە شار دەرکراوە. دوای چەند ڕۆژ پاڵەوان دەبێتە میوانی میری جزیر (میر زێندین) و ئەویش خوشکی خۆی (زین)

پێشکەشی پاڵەوان دەکات، بەڵام لێی قبووڵ ناکات. کچەمیر کە سەری لەم کارە سوڕماوە، بەدزییەوە خۆی دەگەیێنێتە لای و ڕاستیی ڕووداوەکەیان بۆ ئاشکرا دەبێت. پاڵەوان جارێکی تر بانگهێشتی کۆشکی میری دەکرێت. لەگەڵ میر دەکەوێتە بەربەرەکانێ (کایەی تەختەنەرد) و چەند جار لێی دەباتەوە. بە پیلانی تاوانکار و لە کاتی بەربەرەکانێ دووەمدا (بەندهەڵگوتن وگۆرانی) پاڵەوان نهێنیی نێوان خۆی و خوشکی میر دەدرکێنێت، بەڵام بە یاریدەی یارمەتیدەر (قەرەتاژدین) ڕزگاری دەبێت. لە درێژەی بەیتەکەدا، مەم و زین دەست بە دوعا دەکەن، بەڵکوو باران ببارێت و میر بە مەبەستی ڕاو، لە کۆشک دەرکەوێت. بەخشندە (خوا) داخوازەکەیان جێبەجێ دەکات. هەموو دەستوپێوەندی میر، جگە لە تاوانکار، دەچن بۆ ڕاو. پاڵەوانیش بە بیانووی نەخۆشی، ڕەگەڵیان ناکەوێت. بەم فێڵە، تاوانکاران فریو دەدەن و دەچنە ژوانێ. تاوانکار کە بەم کەین‌وبەینە دەزانێت، میر ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارەش پاڵەوان بە هۆی یارمەتیدەرانیەوە دەرباز دەبێت. دوایی میر بە بیانووی وەرگرتنی باج، هاوڕێیانی پاڵەوان ڕەوانەی دوورەوڵات دەکات و پاڵەوان دەخاتە زیندان. ئاژەڵی یارمەتیدەر (تاژییەکەی مەم) هەموو ڕۆژێک پارچە نانێک دەبات و بۆی دەهاوێتە چاڵی زیندانەوە. دوای ماوەیەک، کچەمیر و هاوڕێیان بە کارەساتەکە دەزانن، بەڵام پاڵەوان لەبەر لاوازی و جەزرەبەی زیندان دەمرێت و بەم جۆرە بەرەی تاوانکاران سەردەکەون. کچەمیر ئەوەندە لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەی دادەنیشێت و شینی بۆ دەگێڕێت و داوای مەرگ لە بەخشندە (خوا) دەکات تا دەمرێت. پیاوانی میر هەرچی هەوڵ دەدەن لە هیچ کوێ جگە لە تەنیشت مەم، گۆڕیان بۆ هەڵناکەندرێت و بەناچار هەر لەوێ دەینێژن. دوای ناشتنی، دەنگی شەقژن لە گۆڕەکەیانەوە هەڵدەستێت و تاوانکار لە ئێرەیی پێکگەیشتنی دووبارەیان، دەڵێت: «ئەها ئەوە لەوێیش دەست لە یەکتر هەڵناگرن». میر، کە لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووەتەوە، فەرمانی کوشتنی دەردەکات. تاوانکار خۆی دەخاتەسەر گۆڕی دڵداران و لە شوێنی خوێنەکەیەوە دڕکێک دەڕوێت و بەم چەشنە دیسانەوە لێکیان دادەبڕێت. پاشان پاڵەوانی بزاڤی دووەم (بەنگینە) بە داخوازیی بەرێکەران (باوک و دایکی مەم) بە لەشکرێکەوە هەڵدەکوتێتە سەر جزیر و تۆڵەیان دەکاتەوە. لە کۆتاییدا، دەسەڵاتی جزیر بە یارمەتیدەری پاڵەوانی سەرەکی (قەرەتاژدین) دەبەخشرێت و پاڵەوانی بزاڤی دووەمیش دەبێتە پادشای یەمەن.

### ٥- بەراوردی نێوان بەیتی *مەم و زین* و چیرۆکی ئەفسووناویی کوردی

بەراوردی نێوان پێکهاتە و هێمانە بنەماییەکانی بەیتی *مەم و زین* و چیرۆکی ئەفسووناویی کوردی پیشان دەدات کە، سەرەڕای جیاوازیی ژانر، لە باری پێکهاتەوە نزیکیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

هەندێ جیاوازییش دەبینرێت کە گرنگترینیان چارەنووسی پاڵەوانی سەرەکیی گێڕانەوەکەیە. لە لایەکی دیکەوە، بەراوردی مۆتیف و هێمانە سەرخانییەکان، هەبوونی هەندێک خاڵی جیاواز و هەروەها هاوبەش دەردەخەن، کە لە درێژەی باسەکەدا شرۆڤەیان دەکەین.

## ۵-۱- خاڵە هاوبەشەکان

هەروەها کە ئاماژەمان پێدا، پێکهاتە و بڕبڕەی بەیتی بەرباس زۆر لە چیرۆکی ئەفسووناوی نزیکە. دۆخی دەستپێکی *مەم و زین* هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چیرۆکە جادووییەکاندا نییە. لە ڕووی داڕشتەی ئەرکەکانیشەوە، لە کۆی سی و یەک ئەرکی دەستنیشانکراوی پراپ، بیست و سێ نموونەیان لە *مەم و زین*دا دەبینرێت. بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم مژارە و بە مەبەستی پیشاندانی خاڵە هاوبەشە بنەماییەکانی *مەم و زین* و چیرۆکی ئەفسووناویی کوردی، سەرنجتان بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیکی چیرۆکی ئەفسووناویی کوردی ڕادەکێشین:

> لەم چیرۆکانەدا کەمایەسی یان تاوانکارییەک پاڵەوان دێنێتە مەیدان و لە پاش گەیشتنی بە بەخشندە، ئامێر یان یارمەتیدەرێکی ئەفسووناوی وەردەگرێت و بە هۆیەوە بەسەر تاوانکاراندا زاڵ دەبێت؛ کێشەکان چارەسەر دەکات و کەمایەسییەکان قەرەبوو دەکاتەوە. لە هەندێک چیرۆکدا لە پاش سەرکەوتنی پاڵەوان، هەڵاتن و ڕاوەدوونان ڕوودەدات. پاڵەوان دوای تێپەڕاندنی ئەم ئەرکانە بە نەناسراوی بۆ نیشتمانەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، یان ڕێی دەکەوێتە وڵاتێکی دیکە و لەوێ بە ئەنجامدانی کارێکی دژوار، کە لە لایەن پادشا یان کچەکەیەوە دیاری کراوە، لێوەشاوەیی و پاڵەوانێتیی خۆی دەسەلمێنێت و بەم چەشنە تاوانکار یان زڕپاڵەوان ڕسوا دەکات. لە کۆتاییدا پاش سزادانی تاوانکار، لە زۆربەی چیرۆکەکاندا پاڵەوان دەبێتە پادشا و لەگەڵ کچ یان کچانێکدا زەماوەند دەکات کە زیاتر شازادە یان پەریزادەن. هەندێ جاریش پاڵەوان بە شێوەیێکی تر خەڵات دەکرێت (ئیبراهیمی و پارسا، ۱۳۹۵: ۳۳).

خاڵە هەڤپارەکانی دیکە، بێجگە لە هێمانە پێکهاتەییەکان کە لە سەرەوە باس کران، ئەمانەن:

۱- سێپاتبوونەوەی ڕووداوەکان، کە لە مۆرکەکانی ئەفسانە و ئوستوورەیە؛

۲- ئامادەبوونی شەش کەسایەتیی تیپیکی پاڵەوان، کچەمیر، یارمەتیدەر، تاوانکار، بەخشندە و بەڕێکەر، وەک چۆن لە چیرۆکی ئەفسووناویشدا هەن؛

۳- هەبوونی مۆتیف و ڕووداوی ئەفسووناوی و دەرئاسایی، وەک گوێزرانەوەی زین لە ڕێی ئاسمانەوە و بە هۆی پەرییەکانەوە، لەدایکبوونی پاڵەوان بە سیحری سێو، شینبوونی دڕک لە خوێنی بەکر، یارمەتیدانی پاڵەوان لە لایەن ئاژەڵانەوە (لێرەدا تاژییەکەی مەم)، هەڵنەکەنرانی گۆڕ بۆ زین، دەنگی شەقژنی نێو گۆڕی *مەم و زین*؛

٤- ڕێنوێنیی پیاوی ڕدێن‌سپی، کە لەم بەیتەدا وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتییە و لە ئەفسانەی کوردیدا زیاتر خزری زیندەیە؛
٥- ئەوینی پاڵەوان بۆ کچێک لە وار و وڵاتێکی دووردا و گەڕان بۆ دۆزینەوەی، کە لە ئەفسانە و حەماسەدا زۆر ڕەنگ دەداتەوە. ئایدنلوو لە وتارێکدا ،سەبارەت بە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لە ئەدەبی حەماسیی ئێراندا، ئەم مۆتیفەی وەک یەکێک لە مۆتیفە گرنگەکانی گێڕانەوە حەماسییەکان ناودێر کردووە (١٣٨٧: ٩).
٦- هەوڵی پاشگەزکردنەوەی پاڵەوان، کە یەکێک لە ڕێکارەکان ترساندنی پاڵەوانە بە شێوەی بەجێ‌هێشتن و گەڕانەوەی سپا و سەربازەکان بۆ وڵات بە پێی فەرمان و ڕاوێژی پادشا و وەزیر؛
٧- ڕەنگ‌دانەوەی چەندجارەی ژمارەی سێ و حەفت و چل؛
٨- کۆشکی لە زێر و زیو چێ‌کراو، کە لە ئەفسانەدا زۆر دووپات دەبێتەوە؛
٩- ڕەوتی تاکهێڵیی گێڕانەوەکە و بەدوای‌یەکداهاتنی ڕووداوەکان بە پێی کاتی ڕوودانیان؛
١٠- وەسفی شوێن و کەسایەتییەکان بە شێوەی سادە و گشتی و وەکیەک؛
١١- دەرنەکەوتنی پرسی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاماژەی گرێدراو بەم پرسەوە، وەک چۆن لە چیرۆکی فۆلکلۆریشدا وەهایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە *مەم و زین*-ی ئەحمەدی خانی‌دا ئەم بابەتە بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت لە «مەمێ ئالان»یشدا ئاماژەی لەم چەشنە دەبینرێت (ئاسلان، ٢٠١٥: ١٠١).

## ٥-٢- خاڵە جیاوازەکان

بەیت و چیرۆکی ئەفسووناوی، ئەگەرچی هەرکامیان سەر بە چەشنێک لە ئەدەبی زارەکین و لە ڕووی فۆرم و شێوازی ڤەگێڕانەوە جیاوازن؛ بەڵام بێجگە لەم جیاوازییە بەرچاوانە، لە نێوان بەیتی بەرباس و ئەم چەشنە چیرۆکانەدا هەندێک جیاوازیی دیکەش هەن کە گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە:

١- چارەنووسی پاڵەوان: جیاوازیەکی بەرچاوی *مەم و زین* لەگەڵ چیرۆکی ئەفسووناویدا سەرنەکەوتنی پاڵەوانی سەرەکی، واتە مەمە، کە مردنی خۆی و زین-ی لێ دەکەوێتەوە. سەرنەکەوتنی پاڵەوان لە چیرۆکی ئەفسووناویدا زۆر بە دەگمەن ڕوو دەدات. پاڵەوانی ئەم چیرۆکانە لە کۆتایی گەشت و گەڕانەکەیدا کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ڕێگای لادەبات و بەسەر تاوانکاراندا سەردەکەوێت و بە ئامانجەکەی دەگات.

۲- شینگێڕی: شینگێڕی لە بەیتی *مەم و زین* و گێڕانەوەی هاوشێوەدا هێمانێکی بەرچاو و باڵکێشە و دەتوانین بە ئەرکێکی تایبەتی دابنێین؛ بۆ نموونە، شینگێڕیی دایکی مەم و هەروەها زین بۆ مەرگی مەم. نموونەی هاوشێوەی ئەم هێمانە لە چیرۆکی ئەفسووناویدا، داوای یارمەتی کردنی قوربانییە لە پاڵەوان.

۳- دوعا: ڕەنگدانەوەی ئەم هێمانە ئایینییە لە *مەم و زین*دا گەلێک بەرچاوە و پاڕانەوە لە خوا و پیاوانی، زۆر جار جێی چۆڵی بەخشندەی چیرۆکە ئەفسووناوییەکان پڕ دەکاتەوە؛ بۆ نموونە، دوعای مەم و بەنگینە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای جزیر، یان پاڕانەوەی زین بۆ گیان-کێشانی، هەروەها دوعای مەم و زین بۆ بارینی باران و چوونی میر بۆ ڕاو. لە چیرۆکی ئەفسووناویدا ئەرکی هەڵسوکەوت و کاردانەوەی پاڵەوان یان دیداری لەگەڵ بەخشندە دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی ئامێری ئەفسووناوی یان ڕێنوێنیی پێویست بۆ سەرکەوتن بەسەر تاوانکاردا؛ کەچی لێرەدا دوعا و پاڕانەوە جێی ئەم ئەرکەی گرتووەتەوە.

٤- بەڵێنی و پەیمان: بەڵێنیدان لەم بەیتەدا گرنگیی زۆری پێدراوە و دەکرێت بە ئەرکێکی سەربەخۆ دابنرێت؛ بۆ نموونە، بەڵێنیی وەفاداری لە نێوان مەم و زین و هەروەها مەم و بەنگینەدا. نموونەی نزیک لە بەڵێنیدان لە چیرۆکی ئەفسووناویدا، ئەرکی نیشانکردنە کە بە هۆیەوە، دوایی پاڵەوان و کچەمیر یەکتر دەناسنەوە. هەروەها دەتوانین لەگەڵ ئەرکی هەڵسوکەوت و کاردانەوەی پاڵەوان بۆ وەرگرتنی یارمەتیدەری جادوویی بەراوردی بکەین، کە لێرەدا پێچەوانەکەی ڕوودەدات و مەم بە کاری هەڵەی بەخشینی بەنگینە بە میر زێندین، یارمەتیدەرەکەی لە دەست دەچێت و پاشان کێشەی بۆ چێ دەبێت.

٥- پەشیمانی: لە کاتی مردنی مەمدا، میر زێندین لە کردەوەکانی پەشیمان دەبێتەوە. ئەگەرچی میر زێندین لە بەیتەکەدا وەک ئالیکاری تاوانکاری سەرەکیی دەرکەوتووە، بەڵام لە ڕاستیدا گیرۆدەی پیلانەکانی بەکر ببوو و زمانچەوری و فێڵەبازیی ئەو لەخشتەی بردبوو.

٦- ڕەنگدانەوەی بەرچاوی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ: لەم بەیتەدا، لەچاو چیرۆکی جادوویی، دیالۆگ و مۆنۆلۆگ زۆرە. لە چیرۆکی ئەفسووناویدا کەمتر بەرەوڕووی ئەم شێوە گێڕانەوەیە دەبینەوە و ڤەگێڕ کەمتر هەلی خۆنواندن بە کەسایەتییەکان دەدات.

۷- نەبوونی تاوانکاری دەرئاسایی: ئەگەرچی لە هەر هەموو چیرۆکە ئەفسووناوییەکاندا تاوانکار و دژەپاڵەوانی دەرئاسایی نابینرێت، بەڵام لە زۆربەیاندا دێو، ئەژدیها، جادووگەر یان دەعبای لەم شێوەیە بوونیان هەیە؛ کەچی لە بەیتی بەرباسدا بوونەوەری وەها نابینرێت.

۸- نەبوونی بویەری دەرئاسایی لە بەشی سەرەکیی گێڕانەوەکەدا: دوای ئەوەی مەم دەگاتە شاری جزیر و هەتا ئەو کاتەی زین بە هۆی تاژییەکەی مەمەوە دەزانێت زیندانی کراوە، هیچ

ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە و ئەفسووناوی نابینین، و لە ڕاستیدا بەردەنگ لەگەڵ بەسەرهاتی ڕاستەقینەی دوو ئەویندارى ئاساییدا بەرەوڕوویە.
٩- ململانێی پاڵەوان و تاوانکار: لە خاڵە باڵکێشەکانی بەیتی *مەم و زین*، ململانێ لە شێوەی کایەی تەختەنەرد و هەروەها بەربەرەکانێی لە ڕێگەی بەندبێژی و شەڕەگۆرانی لە ناڤبەری مەم و میردایە. لە لایەکی دیکەوە، لە بزاڤی دووەمدا پاڵەوانی چیرۆک (بەنگینە) بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بە سپایەکەوە ڕێی جزیر دەگرێتەبەر؛ کەچی ئەمە جیاواز لە چیرۆکی ئەفسووناوییە و زیاتر لە حەماسە دەچێت. لە چیرۆکی ئەفسووناویدا پاڵەوان هەموو کارێک بە تاقی تەنیا و بە یارمەتیی یارمەتیدەرانی دەرئاسایی ئەنجام دەدات؛ کەچی لێرەدا بەنگینە بە سپایەکی فراوانەوە هێرش دەکاتە سەر تاوانکاران و لە ناویان دەبات.

## ٩- ئەنجام

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشانی دا پێڕەوی ڤلادیمیر پراپ لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ بەیتی *مەم و زین*دا تەبایە. بەڵام، سێ هێمانی پێکهاتەیی «شینگێڕی»، «بەڵێنی» و «دوعا» ژی دەبینرێت کە ئەگەرچی هاوشێوەیی و نزیکییان لەگەڵ ئەرکە دیاریکراوەکانی پراپدا هەیە، بەڵام بە سەرنج-دان بە چەندپاتەبوون و دەوری بەرچاو و گرنگیان لە پێشقەچوونی گێڕانەوەکەدا، دەکرێت وەک ئەرکگەلی سەربەخۆ و تایبەتی بەیت و هەروەها گێڕانەوەی وێکچووی وەک چیرۆکەشیعر لەبەرچاو بگیردرێن.

پێکهاتەی سەرەکیی بەیتی *مەم و زین* بەم جۆرەیە:

**دۆخی دەستپێک**: براهیم پادشا خەریکە پیر دەبێ و کوڕی نییە؛ بۆیە، لەگەڵ وەزیرەکەی ڕێی ماڵی خوا دەگرنە بەر، بەڵام لە ڕێگادا وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی دەیانگەڕێنێتەوە و دوو سێویان پێ دەبەخشێت و مەم و بەنگینە بە هۆی ئەو دوو سێوەوە لە دایک دەبن. لەم بەشەدا، ژ بلی لەدایکبوونی دەرئاساییانەی پاڵەوانەکان، ئاماژە بۆ ناو، وڵات و پێگەی پاڵەوانەکانیش کراوە.

**ئاقارێن چالاکیی کەسایەتییەکان**: لە حەفت ئاقاری دیاریکراوی پراپ، لەم بەیتەدا شەش ئاقاری چالاکی دەبینرێت کە ئەم کەسایەتییانە تێیاندا دەور دەگێڕن: مەم و بەنگینە، وەک پاڵەوان (بەنگینە لە بزاڤی دووەمدا)؛ زین، وەک کچەمیر یان کەسی مەبەست؛ قەرەتاژدین، بەنگینە، خاتوون ئەستی، خوا و وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی، چەکۆ، عرفۆ و هەروەها تاژییەکەی مەم وەک یارمەتیدەر؛ بەکر و میر زێندین، وەک تاوانکار؛ خوا و وەیس-ئەلقەرەنی ماهیدەشتی، وەک بەخشندە؛ براهیم پادشا و دایکی مەم، وەک بەرێکەر.

**بزاڤ و ئەرک**: لە سی و یەک ئەرکی دەستنیشان‌کراوی پراپ، بیست و سێ نموونەیان لە بەیتی *مەم و زین*دا دەبینرێت. ئەم بەیتە لە دوو بزاڤ پێکهاتووە و داڕشتەی ئەرکە سەرەکییەکانی بزاڤی یەکەم ئاوەهایە کە کەمایەسییەک (لێکدابڕانی مەم و زین) دەبێتە هۆی ئەوەی پاڵەوان وڵاتی خۆی جێ‌بهێڵێت و بە دوای کەسی مەبەست، واتە زین، بکەوێت. لە درێژەدا، بە ڕێنوێنیی بەخشندە و بە یاریدەی یارمەتیدەران بەسەر کۆسپ و لەمپەرەکاندا سەردەکەوێت و بە دیداری زین شاد دەبێتەوە. بەڵام لەبەر گێرەشێوێنی و شۆفاریی تاوانکار، واتە بەکر و پاش ململانێی چەندپاتەی بەرەی پاڵەوان و بەرەی تاوانکار، لایەنی شەڕ و خراپە سەر دەکەوێت و بزاڤی یەکەم بە گیان‌لەدەستدانی پاڵەوان و کچەمیر کۆتایی دێت. لە بزاڤی دووەمدا، کە بزاڤێکی کورتە، پاڵەوانی چیرۆک بەنگینەیە و براهیم پادشا و دایکی مەم بەرێکەرن. پاڵەوان بە داخوازی بەرێکەران و بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، لەگەڵ سپایەکدا ڕێی جزیر دەگرێتە بەر. پێش گەیشتنی بەنگینە، تاوانکاری سەرەکی، بەکر، بە فەرمانی میر زێندین دەکوژرێت. پاڵەوان و سپاکەی دەچنە نێو شاری جزیر و میر زێندین و لایەنگرانی و هەروەها ماڵباتی بەکر تەفروتوونا دەکەن. پاشان براهیم پادشا بە پێی داخوازی خاتوون ئەستی دەست لە کوشتوبڕ هەڵدەگرێت و دەسەڵاتی جزیر دەبەخشێت بە قەرەتاژدین. براهیم پادشا کە لەبەر گریان و کوڤان چاوانی لەدەست داوە، لە گەڕانەوەدا بۆ یەمەن بەنگینە وەک جێگرەوەی خۆی هەڵدەبژێرێت. بەم چەشنە، بەیتەکە بە پادشایەتیی پاڵەوانی بزاڤی دووەم کۆتایی دێت.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا، بە مەبەستی دەرخستنی لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی بەیتی بەرباس و چیرۆکی ئەفسووناوی، وەک دوو چەشنی لێک‌جودای ئەدەبی زارەکی، ئەم دوو شێوە گێڕانەوەیە لە ڕووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیکەوە و هەروەها بە سەرنج‌دان بە مۆتیف و هێمانە گرنگەکانی دیکەی چێکەری ئەفسانە، بەراورد کران. لە ئەنجامی ئەم هەوڵەدا هەندێک خاڵی هەڤپار و جیاواز دەستنیشان کران کە گرنگترینیان بریتین لە ئەمانەی خوارەوە.

**خاڵە هاوبەشە گرنگەکان**: ۱. پێکهاتەی تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوە؛ ۲. وەکهەڤی دۆخی دەستپێک؛ ۳. هەبوونی بیست و سێ ئەرکی هاوبەش؛ ٤. ئامادەبوونی هەندێک مۆتیف و تایبەتمەندیی ئەفسانە لە بەیتی *مەم و زین*دا وەکوو سێ‌پات‌بوونەوەی ڕووداوەکان، دووبارەبوونەوەی ژمارەگەلی سێ و حەفت و چل، ڕوودانی بویەری دەرئاسایی، کۆشک و خانووی لە زێڕ و زیو، و هەروەها ڕێنوێنیی کابرایەکی ڕدێن‌سپی؛ ۵. گرنگی‌نەدان بە پرسی

نەتەوەیی و دەرنەکەوتنی هیچ ئاماژە و هێمانێکی پێوەندیدار بەم پرسەوە؛ ٦. گێڕانەوەی ساکار و تاکهێڵی؛ ٧. وەسف کردنی یەکدەست و وەکیەکی کەس و شت و ڕووداوەکان.

**جیاوازییە سەرنجڕاکێشەکان**: ١. چارەنووسی پاڵەوانی بزاڤی یەکەم و کەسی دڵخوازی؛ ٢. ڕەنگ‌دانەوەی بەرچاوی هەندێک هێمانی وەکوو شینگێڕی، بەڵێنی‌دان، دوعا و پاڕانەوە لە خوا و دەست‌وپێوەندی؛ ٣. نەبوونی بویەر و بوونەوەری دەرئاسایی لە بەشی ناوەندی و سەرەکیی چیرۆکەکەدا؛ ٤. ململانێی نێوان بەرەی پاڵەوان و بەرەی تاوانکار لە شێوەی کایەی تەختەنەرد و شەڕەگۆڕانی هەروەها هێرش کردنی پاڵەوانی بزاڤی دووەم بە سپایەکەوە؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە لە چیرۆکی جادووییدا هێرشی بەکۆمەڵ نابینرێت و پاڵەوان و چەند یارمەتیدەرێک هەموو کارەکان تێدەپەڕێنن. ئەم تایبەتمەندییە لە حەماسەی نزیک دەخاتەوە؛ ٤. فرەیی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ بە بەراورد لەگەڵ چیرۆکی ئەفسووناویدا.

بە گشتی، ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەری‌دەخات بەیتی *مەم و زین* و چیرۆکە ئەفسووناوییەکان لە ڕووی پێکهاتە و هێمانە ژێرخانییەکانەوە زۆر لێک‌دەچن. بەڵام لە ڕووی مۆتیف و هێمانە سەرخانییەکانەوە، سەرەڕای هەبوونی هەندێک هێمانی هاوشێوە، جیاوازیی بەرچاویش لە نێوانیاندا دەبینرێت. خاڵێکی سەرنجڕاکێش، نەبوون یان دەگمەن‌بوونی مۆتیف و تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەیە لە بەشی سەرەکی و ناوەندی بەیتەکەدا؛ کەچی بە پێچەوانەوە، دەستپێک و کۆتایی دەقەکە گەلێک تایبەتمەندیی ئەفسانەیان لەخۆ گرتووە. لە ڕاستیدا بەردەنگ لە بەشی ناوەندیدا بەرەوڕووی جۆرێک سەربوردەی واقعی دەبێتەوە و دەکارین ببێژین بەیتی *مەم و زین* بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی دڵدارییە کە بە ئەفسانە دەورە دراوە و بە بویەری دەرئاسایی داپۆشراوە؛ واتە، ڕاستییەکە لە دووتۆی ئەفسانەدا.

## سەرچاوەکان

**ئەلف. کوردی**

حجازی، محەمەد (۲۰۱۲). *شوناسی ئۆلی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد*. سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوە.

حەبیبی، هادی (۲۰۱۲). ئوستوورە لە خوێندنەوەی بەیتی مەم و زین‌دا. *ڕامان*، ژ. ۱۸۳ (گەلاوێژ)، لل. ۷۵-۸۱.

مان، ئۆسکار (۱۳۹۰). *توحفەی موزەفەرییە*. پێشەکی و ساغ‌کردنەوەی مامۆستا هێمن. مەهاباد: سەیدیان، چاپی سێیەم.

مەحموودزادە، ڕەهبەر (۱۳۸۱). *پێکهاتەی بەیتی کوردی*. ورمێ: سەلاحەدین ئەیووبی.

Alî Salim, Goran. (2017). *Rengdana Folkorê di Destana Mem u Zîn ya Ehmedê Xanî da*. Teza Lîsansa Bilind, Zanîngeha Wan, Enstîtuya Zimanên Zindî, Şaxa Makezanista Ziman u Çanda Kurdî.

Aslan, Remziye. (2015). "Berawirdkariye Destana *Memê Alan* u *Mem u Zîn*a Ehmedê Xanî". *Internatioonal Journal of Kurdish Studyo*. V. 1, Issue 2 (Jan), rr. 86-101.

Çeliktaş, Sami. (2018). *Tîpolojiya Lehengê Kurd li Çarçoveya Nêrînên Joseph Campbell- Bî Mînakên Rustemê Zal u Memê Alan*. Teza Lîsansa Bilind, Zanîngeha Mardîn Artuklu, Enstîtuya Zimanên Zindî, Şaxa Makezanista Ziman u Çanda Kurdî.

Jameel Mohammad, Hawkar. (2017). *Binyadî Gêrranewe le Dastanî Mem u Zîn î Oscar Mann u 'Memê Alan'ê Ebdurrehîm Rehmî Hekarî (Lêkolîneweyekî Berawirdkarîye)*. Teza Lîsansa Bilind, Zanîngeha Bîngol, Enstîtuya Zimanên Zindî, Şaxa Makezanista Ziman u Edebiyata Kurdî.

Tarduş, Ibrahîm. (2018). "Taybetiyên lehengên Tradîsyonel di Vegotina Kurdî de". *The Journal of Mesopotamian Studies (JMS)*. V. 3, Issue 1 (Jan), rr. 57-76.

**بێ. فارسی**

آیدنلو، سجاد (۱۳۸۷). «چند بنمایه‌ی مهم ازدواج در ادب حماسی ایران.» مجله‌ی *دانشکده‌ی ادبیات و علوم انسانی*، دانشگاه فردوسی مشهد، شماره‌ی ١٦٠، صص ١-٢٤.

ابراهیمی مظهر (۱۳۹۴). *ریخت‌شناسی قصه‌های پریان در زبان کردی*. پایان‌نامه‌ی کارشناسی ارشد. دانشگاه کردستان، دانشکده‌ی زبان و ادبیات، گروه زبان و ادبیات فارسی، سنندج.

ابراهیمی، مظهر و سید احمد پارسا (۱۳۹۵). «ریخت‌شناسی قصه‌های پریان در زبان کردی». *نقد ادبی*، سال ۹، شماره‌ی ۳۵ (پاییز)، صص ۵۲-۷.

ایگلتون، تری (١٣٦٨). *پیش‌درآمدی بر نظریه‌ی ادبی*. ترجمه‌ی عباس مخبر. تهران: نشر مرکز.

پراپ، ولادیمیر (۱۳۷۱). *ریشه‌های تاریخی قصه‌های پریان*. ترجمه‌ی فریدون بدره‌ای. تهران: توس.

--- (١٣٨٦). *ریخت‌شناسی قصه‌های پریان*. ترجمه‌ی فریدون بدره‌ای. تهران: توس، چاپ دوم.

سلدن، رامان و پیتر ویدوسون (۱۳۸۴). *راهنمای نظریه‌ی ادبی معاصر*. ترجمه‌ی عباس مخبر. تهران: طرح نو، چاپ سوم.

مارزلف، اولریش (۱۳۹۱). *طبقه‌بندی قصه‌های ایرانی*. ترجمه‌ی کیکاووس جهانداری. تهران: سروش، چاپ سوم.